تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

# هەندێ لادانی زمانی لای سێ شاعیری نوێخوازی کورد

ئەنوەر مەسیفی ـ نەوزاد رەفعەت ـ فەرهاد پیربال

دلێر سادق کانەبی

منتدى اقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنتَدى إقرَأ الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنتَدى إقرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرأ الثقافي)

www. Iqra.ahlamontada.com

منتدى إقراء الثقافي

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب ( كوردى , عربي , فارسي )

# هەندێ لادانی زمانی لای سێ شاعیری نوێخوازی کورد

## لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانییە

# هەندێ لادانی زمانی لای سێ شاعیری نوێخوازی کورد

## لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانییە

دلێر سادق کانەبی

دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی

● هەندێ لادانی زمانی لای سێ شاعیری نوێخوازی کورد

● نووسینی: دلێر صادق کانەبی
● بابەت: نامەی ماستەر
● نەخشەسازی ناوەوە: گۆران جەمال رواندزی
● پیتچنین: نووسەر
● بەرگ: ئاسۆ مامزادە
● چاپ: یەکەم ٢٠٠٩
● ژمارەی سپاردن: ٩٣٣
● نرخ: ١٥٠٠ دینار
● تیراژ: ٧٥٠
● چاپخانە: چاپخانەی خانی (دهۆک)

زنجیرەی کتێب (٣٩٣)

ماڵپەڕ: www.mukiryani.com
ئیمەیل: info@mukiryani.com

پێشکەشە بە:

دایك و باوکی بەڕێز

و

خوشك و برا خۆشەویستەکانم

# سوپاس و پێزانین


سوپاسی د. ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم دەکەم کە سەرپەرشتی باسەکەمی گرتە ئەستۆ.

سوپاس بۆ د. رەفیق محەمەد شوانی کە هەمیشە قەرزاری جەنابیانم.

سوپاس بۆ د. یوسف شەریف کە بەردەوام وەلآمی پرسیارەکانی داوەتەوە.

سوپاس بۆ م. جەبار جەمال و نوزاد حسن و مراد حەکیم.

# پێرست

پێشەکی........................................ ١١
٠-١ ناونیشان ........................................ ١١
٠-٢ هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە ........................................ ١١
٠-٣ گیروگرفتەکانی باسەکە ........................................ ١١
٠-٤ ڕێبازی لێکۆڵینەوە ........................................ ١١
٠-٥ ئامانجی باسەکە ........................................ ١٢
٠-٦ گرنگی باسەکە ........................................ ١٢
٠-٧ بەشەکانی نامەکە ........................................ ١٣
ئەنجام ........................................ ١٣
بەشی یەکەم: هەندێ لایەنی تیۆری........................................ ١٤
١-١- پەیوەندی زمانەوانی بە ئەدەبیاتەوە........................................ ١٧
١-٢- ئەرکەکانی زمان ........................................ ٢٣
١-٣- ئەرکی ئەدەبی ........................................ ٢٥
١-٤- پێشینەیەکی کورتی لادان ........................................ ٢٧
١- ٥- جۆرەکانی زمانی ئەدەبی ........................................ ٢٩
١-٦- جۆرەکانی زمانی ئەدەبیی کوردی........................................ ٣٢
بەشی دووەم: جۆرەکانی لادان ........................................ ٣٧
٢-١- لادانی لێکسیکی ........................................ ٣٩
٢-٢- لادانی واتایی ........................................ ٤٠

٢-٣- لادانی دەنگی ........................ ٤٦
٢-٤- لادانی ڕێزمانی ........................ ٤٧
٢-٥- لادانی کاتی........................ ٤٨
٢-٦- لادانی شێوازی ........................ ٤٩
٢-٧- لادانی زاری ........................ ٥٠
٢-٨- لادانی نووسینی........................ ٥٠
٢-٩- لادانی ناوەکی ........................ ٥٢
بەشی سێیەم: شیکردنەوەی کەرەسەکان ........................ ٥٢
٣- ١- لادانەکان لای فەرهاد پیرباڵ ........................ ٥٦
٣- ٢- لادانەکان لای ئەنوەر مەسیفی ........................ ٩٨
٣- ٣- لادانەکان لای ئەوزاد رەفعەت ........................ ١١٦
٤- ئەنجامەکان ........................ ١٤٢
٥- فەرهەنگۆك ........................ ١٤٧
٦- سەرچاوەکان ........................ ١٤٩

# پێرستی وێنه و هێلکارییەکان



| | |
|---|---|
| هێلکاریی ژماره (١) پەیوەندی زمانەوانی بە زانستەکانی ترەوە | ١٧ |
| هێلکاریی ژماره (٢) هێلکاریی ئیچسۆن بۆ لقەکانی زمانەوانی | ١٨ |
| هێلکاریی ژماره (٣) سێگۆشەی جۆرەکانی ئەدەبیات | ٣١ |
| وێنەی ژماره (٤) جۆرەکانی لادانی واتایی لای سەفەوی | ٤١ |
| هێلکاریی ژماره (٥) جۆرەکانی لادانی واتایی لای فەرزان سجودی | ٤٢ |
| هێلکاری ژماره (٦) رێژەی بەکارهێنانی لادانە واتاییەکان لە دیوانی ئەگزلی فەرهاد پیربال | ٧٧ |
| هێلکاری ژماره (٧) رێژەی بەکارهێنانی لادانە لێکسیکییەکان لە دیوانی ئەگزلی فەرهاد پیربال | ٨١ |
| هێلکاری ژماره (٨) رێژەی بەکارهێنانی هەر سێ لادان لە دیوانی ئەگزلی فەرهاد پیربال | ٩٦ |
| هێلکاری ژماره (٩) رێژەی بەکارهێنانی لادانە واتاییەکان لە دیوانی خۆرباران و جارێکی تر خۆربارانی ئەنوەر مەسیفی | ١١٢ |
| هێلکاری ژماره (١٠) رێژەی بەکارهێنانی لادانە لێکسیکییەکان لە دیوانی خۆرباران و جارێکی تر خۆربارانی ئەنوەر مەسیفی | ١١٥ |
| هێلکاری ژماره (١١) رێژەی بەکارهێنانی هەر سێ لادان لە دیوانی خۆرباران و جارێکی تر خۆربارانی ئەنوەر مەسیفی | ١١٦ |
| هێلکاری ژماره (١٢) رێژەی بەکارهێنانی لادانە واتاییەکان لە دیوانی بەفری گەرمی نەوزاد رەفعەت | ١٣١ |

| | |
|---|---|
| هێلکاری ژماره (١٣) ڕێژەی بەکارهێنانی لادانە لێکسیکییەکان لـە دیـوانی بەفری گەرمی نەوزاد ڕەفعەت | ١٣٧ |
| هێلکاری ژماره (١٤) ڕێژەی بەکارهێنانی هەر سێ لادان لـە دیـوانی بـەفری گەرمی نەوزاد ڕەفعەت | ١٤١ |
| هێلکاری ژماره (١٥) ڕێژەی بەکارهێنانی لادانی واتایی لای فـەرهاد پیربـاڵ، ئەنوەر مەسیفی و نەوزاد ڕەفعەت | ١٤٢ |
| هێلکاری ژمـاره (١٦) ڕێـژەی بـەکارهێنانی لادانـی لێکـسیکی‌لای فـەرهاد پیرباڵ، ئەنوەر مەسیفی و نەوزاد ڕەفعەت | ١٤٣ |
| هێلکاری ژمـاره (١٧) ڕێـژەی بـەکارهێنانی لادانـی نووسـینی لای فـەرهاد پیرباڵ، ئەنوەر مەسیفی و نەوزاد ڕەفعەت | ١٤٤ |


## پێرستی خشتەکان


خشتەی ژماره (١) ژمارەی لادانەکان و ڕێژەی سەدییان.....................١٤٥

# ٠- پێشەکی

## ٠-١- ناونیشان

ناونیشانی باسەکە (هەندێ لادانی زمانی لای سێ شاعیری نوێخوازی کورد- لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانییە) یە و هەوڵمان داوە لە لادانی واتایی، لادانی لێکسیکی، لادانی نووسینی، لادانی شێوازی و لادانی زاری بکۆڵینەوە کە ئەم شاعیرانە لە شیعرەکانی خۆیاندا پەیڕەوییان کردووە بەمەستی داهێنانی دەقی شیعری.

## ٠-٢- هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە

١- هۆی هەڵبژاردنی باسەکە دەگەڕێتەوە بۆ تازەیی بابەتەکە و گرنگی بابەتەکە، چونکە لادان وەك جۆرێکی زەقکردنەوەی ئەدەبی دەبێتە هۆی داهێنانی دەقی شیعری و جیاکردنەوەی لە دەقەکانی تری ئەدەبی.

٢- هەڵبژاردنی ئەم سێ لادانە بۆ ئەوە دەگەڕێتە کە لادانی واتایی لە هەموو لادانەکانی تر زیاتر بەکاردێت، لادانی لێکسیکیش رۆڵێکی گەورەی هەیە لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمان و لادانی نووسینیش یەکێکە لە سیماکانی شیعری نوێ.

## ٠-٣- گیروگرفتەکانی باسەکە

لەکاتی نووسینی باسەکە گیروگرفتێکمان هاتۆتە پێش ئەویش کەمی سەرچاوەی کوردیە.

## ٠-٤- رێبازی لێکۆڵینەوە

رێبازی لێکۆڵینەوەی ئەم باسە بەپێی ئەو شێوازەیە کە **لیچ** (١٩٦٩) وەکو رۆتانکاریی تایبەت بۆ لادانی خستۆتەڕوو.

## ٠-٤-١ کەرەسەی لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەیان

هەموو ئەو شیعرانەی کە مەبەستمان بووە چەند جارێك خوێندوومانەتەوە و نموونەی هەریەکە لە سێ لادانەکەمان دەستنیشان کردوون و بەش بەشمان کردوون، هەریەکە لەم بەشانەش بەگوێرەی توانا زیاتر لێیان دەکۆڵینەوە و بەسەر چەند بەشێکی تردا دابەشمان کردوون، دواتر بە سوود وەرگرتن لە زمانەوانیی ئاماریی ڕێژەی سەدی هەر یەکەیانمان نیشان داوە. بەم شێوەیە ڕێژەی بەکارهێنانی هەر سێ لادان لای هەر یەکە لە شاعیرەکانمان دەستنیشان کردووە، کە خۆی لە خۆیدا بۆ ناسینەوەی شێوازی هەرسێ شاعیر گرنگە. بەو واتایەی کە دەستنیشانی ئەوەمان کردوون کە کام لەم لادانانە لای کام شاعیر زیاتر بەکارهاتووە، بەراوردی هەر سێ لادانمان لای هەریەکە لە شاعیرەکان کردووە.

## ٠-٥- ئامانجی باسەکە

ئامانجی ئەم باسە ئەوەیە کە لە سێ لادانی (واتایی، لێکسیکی و نووسینی) لای هەرسێ شاعیر بکۆڵینەوە. دەستنیشانی ڕێژەی بەکارهێنانی هەر پێنج لادان لای هەریەکە لەم سێ شاعیرە بەجیا دەکەین و دواتر بەراوردی ڕێژەی بەکارهێنانی لادانەکان لای هەریەکەیان و پاشان بەراوردی ڕێژەی بەکارهێنانیان لای هەرسێکیان بکەین.

## ٠-٦- گرنگیی باسەکە

لەم باسەدا هەوڵمان داوە لە ڕێگەی دەستنیشان کردنی پێنج لادان لە لای ئەم سێ شاعیرە، شێوازی شاعیر لە داهێنانی ئەدەبی لای هەر سێ شاعیر روون کردۆتەوە و ئەوەشمان نیشان داوە کە ئەم لادانانە، زمانی لە ئەرکی گەڕانەوەیی (زمانی خۆکار) دوور خستۆتەوە و لە ئەرکی ئەدەبی (زمانی بەرجەستەکراو) نزیك دەکاتەوە.

## ٠-٧- بەشەکانی نامەکە

ئەم نامەیە لەم بەشانەی خوارەوە پێکهاتووە:

### بەشی یەکەم- هەندێ لایەنی تیۆری:

لەم بەشەدا سەرەتا باسمان لە پەیوەندی زمانەوانی بە زانستەکانی ترەوە کردووە و ئینجا چوینەتە سەر ئەرکەکانی زمان و پاشان باسمان لە ئەرکی ئەدەبی کردووە و دواتر پێشینەیەکی کورتمان لەبارەی لادان خستۆتە روو و دوای ئەوەش جۆرەکانی زمانی ئەدەبیمان روون کردۆتەوە و دواترش باسمان لە جۆرەکانی زمانی ئەدەبیی کوردی لە ڕێگەی هێنانەوەی کۆمەڵێك تێکستی ئەدەبییەوە کردووە.

### بەشی دووەم- جۆرەکانی لادان

لەم بەشەدا بە درێژی باس لە جۆرەکانی لادان کردووە و بە هێنانەوەی نموونەی پێویست روونمان کردوونەتەوە.

### بەشی سێیەم- شیکردنەوەی کەرەسەکان

لەم بەشەدا دوای دەرهێنانی هەریەکە لە لادانی واتایی، لادانی لێکسیکی و لادانی نووسینی کە لای سێ شاعیری ناوبراو و چەند نموونەیەك لەو کەرەسانەی کە بینراون خستۆتە روو و بەسوود وەرگرتن لە ئامار و هێلکاری ڕێژەی سەدی هەر یەکەیانمان نیشان داوە. ئینجا لە شێوازی تایبەتی هەریەکەیان لە بواری لادان و ڕێژەی سوود وەرگرتنیان لە هەر یەکە لە سێ لادانەکە کۆڵیوەتەوە و بەگوێرەی توانا ئەنجامەکان بەدەستەوە داوە. لە کۆتایی شیکردنەوەی هەموو لادانەکان ئەو دەقانەی نێو دیوانەکان کە لادانانەکانی تیادا ئەنجام دراوە، لادانەکانی هێڵیان بەژێردا کێشراوە و بەتۆخی و بە شێوەی ئیتاڵیك نووسراونەتەوە.

## ٨-٠ ئەنجام

لەم بەشەدا ئەو ئەنجامانەی کە بەدەست هاتوون شی دەکردۆتەوە و ڕێژەی بەکارهێنانی ئەو جۆرانەی لادان، کە دەتوانین بۆ ناسینەوەی شێوازی هەر یەکەیان سوودی لێ وەربگرین، باس کردووە.

# بەشی یەکەم

# هەندێ لایەنی تیۆری

## ١-١- پەیوەندیی زمانەوانی بە زانستەکانی ترەوە:

زمانەوانی وەك هەر زانستێکی دیکە، لەرێگەی پەیوەندی کردن و سوودوەرگرتن لە زانستەکانی تر و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاوە رۆژ بە رۆژ بەرفراوانتر دەبێ و لقی زیاتری لێ دەبێتەوە. **ژان پیتار** (j.petart) لە هێلکارییەکدا پەیوەندی زمانەوانی بە زانستەکانی تردوە لە رێگەی بەکارهێنان و تێك چرژان و وەرگرتنەوە روون دەکاتەوە(منصور ستودە،١٣٨٥/٢٠٠٤: ٢):



ئیچسۆن یش کاتێك باس لە بەرفراوانیی زمانەوانی و سەختی دەستنیشانکردنی سنوورەکەی دەکات، هێلکارییەك دەخاتەروو و لەرێگەی ئەو هێلکارییەوە هەوڵ دەدات پەیوەندیی زمانەوانی بە زانستەکانی تر و لقەکانی زمانەوانی روون بکاتەوە.(جین ئیچسۆن،١٣٨٢/٢٠٠١: ٩)




هێلکاریی ژمارە (٢)

هێلکاریی ئیچسۆن بۆ لقەکانی زمانەوانی

ئەم دوو زمانەوانە لەرێگەی دوو هێلکاری جیاوازەوە پەیوەندی زمانەوانییان بە زۆر زانستەوە روون کردۆتەوە.ئێمەش لێرەدا باس لە هەندێك لەم پەیوەنییانە دەکەین:

## ١-١-١- زمانەوانیی دەروونی

ئەم لقەی زمانەوانی وەك لە ناوەکەی دەردەکەوێ بریتییە لە پەیوەندی زمانەوانی بە دەروونزانییەوە. دەتوانین بەگشتی بواری کارکردنی ئەم لقە زانستەش لەم خالآنەدا کورت بکەینەوە:

١- بەرهەمهێنانی زمان(Production): چۆنیەتی گۆڕانی زانیاری بۆ شەپۆلە (ئاکۆستیکیەکان) فیزیاییەکان، نیشانە و یا شێوەکانی نووسین.

٢- درككردن(Coprehension): چۆنیەتی لێکدانەوەی سیگنالەکانی بینین و یا ئاکۆستیکیەکان لەلایەن بەردەنگ (گوێگر) یا خوێنەرەوە.

٣- فێربوون(Acquisition): چۆنیەتی فێربوونی کارامەییەکانی زمانی یەکەم و زمانی دووەم.

٤- تێکچوونەکانی زمان(Lg Disorders): چ هۆکارێك دەبێتە هۆی روودانی تیچکچوونە بەردەوامەکان یا کاتییەکانی قسەکردن و سیستەمەکانی گۆڕینی زمان.

٥- زمان و بیر(Lg and thought): ئەرکی زمان لە بیری مرۆڤ و لێکۆڵینەوەی کاریگەریی زمانە جیاوازەکان لەسەر بیر.

٦- زانین و دەمار(Neurocognition): چۆنیەتیی رۆنانی زمان و گۆڕینی لە مێشك و لێکۆڵینەوەی تێکچوونی مێشکیی زمان بە مەبەستی بەدەستهێنانی ئاگایی زیاتری جۆری کارکردنی زمان لە مێشکدا.

### ١-١-٢- زمانەوانیی کۆمەڵایەتی

ئەم لقەی زمانەوانی لە پەیوەندی نێوان زمان و کۆمەڵ دەکۆڵێتەوە. بەواتایەکی تر باس لە ئەرکی کۆمەڵایەتی زمان دەکات.

لەم بوارانە دەکۆڵێتەوە:

١- زارە کۆمەڵایەتییەکان

٢- زمانی پیشە(jargon)

٣- زمانی عامیە(slang)

٤- تابۆ(taboo)

٥- بەرنامەرێژیی زمان و چەندین بابەتی تر.

### ١-١-٣- پەیوەندی نێوان زمان و لۆژیك

لەم دواییانەدا بە کارهێنانی لۆجیکی نوێ لە زمانەوانیدا لە دوو رووەوە سەرنجی دراوەتێ (محمد رضا باطنی:١٣٧٦/١٩٩٥، ٢٥):

١- بە بێ سوود وەرگرتن لە چەمکەکانی لۆژیکی نوێ زۆربەی کێشە ئاڵۆزەکانی واتاسازی ناتوانرێ چارەسەربکرێن.

٢- لەم ساڵانەی دواییدا زمانەوانی بە شێوەیەکی بەرچاو لە هەموو بوارەکانی (فۆنۆلۆژی، وشەسازی، رستەسازی و هتد) سوودی لە لۆژیکی بیرکاری وەرگرتووە.

### ١-١-٤- زمانەوانیی کۆمپیوتەری

ئەم لقە زانستە لە زۆر لایەن دەکۆڵێتەوە لەوانە(محمد رضا باطنی:١٣٧٦/١٩٩٥، ٢٦):

١- ناسینەوەی قسە(Speech Recognition).

٢- لێکدانی قسە یا قسەی دروستکراو(Speech Synthesis).

٣- ئامادەکردنی فەرهەنگە میکانیکییەکانی دوو زمانە یا فرەزمان.

٤- ئامارگیریی زمانەوانی بۆ ئامادەکردنی فەرهەنگە فریکوێنسییەکان و پێویستییەکانی تری ئامار.
٥- کۆمپیوتەر وا لیٚ بکریٚ کە درك بە رستەی زمانی سرووشتی بکات و پێشاندانی کاردانەوە کە درك پیٚ کردنی رستەکان بگەیەنیٚ.
٦- وەرگێڕانی ئامێری.

**١-١-٥- زمانەوانیی دەماری/ دەمارناسیی زمان**

بەکورتی دەتوانین بڵێین دەمارناسیی زمان لەم لایەنانە دەکۆڵێتەوە (محمد رضا باطني:١٣٧٦/١٩٩٥، ٣٥-٣٦):

١- چۆن زانیارییەکان لەبارەی زمان لە مێشکدا دادەکرێن و دەبرێن و دەگۆڕێن.
٢- بوون و نەبوونی هەندیٚ سەنتەری تایبەت بە زمان لەمێشکدا و هەندیٚ لایەنی تر.

سەرەڕای ئەم لایەنانە دەتوانین بڵێین زمانەوانی پەیوەندی بەزۆر لایەنی ترەوە هەیە کە ناکریٚ لێرەدا باس لە هەموویان بکەین.

زۆربەی ئەوانەی باس لە پەیوەندی زمانەوانی بە زانستەکانی ترەوە دەکەن جەخت لەسەر پەیوەندی زمانەوانی بە ئەدەبەوە دەکەنەوە.ئەدەب یەکێکە لەو بابەتانەی کە پەیوەندیەکی پتەوی بە زمانەوانییەوە هەیە.زۆربەی زمانەوانان تەنانەت لێکۆڵەرانی ئەدەبیش جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە دەبێت لە رووی زمانەوانییەوە لە ئەدەب بکۆڵرێتەوە.فۆرمالیستە رووسەکان لە روانگەی زمانییەوە لە ئەدەبیان دەکۆڵیەوە و زمانی ئەدەبیان بە جۆرێك لە زمان دەزانی و جیایان دەکردەوە لە زمانی زانست،زمانی هەواڵ و زمانی رۆژانە.د.شەمیسا لەم بارەیەوە دەڵیٚ: ((بە بڕوای فۆرمالیستەکان ئەدەبیات کێشەیەکی زمانیی سرفە و هەر بۆیەش دەتوانریٚ بگوتریٚ زمانی ئەدەبی یەکێکە لە جۆرەکانی زمان و دەبیٚ لە رووی زمانەوانیەوە لێی بڕوانریٚ.)) (سیروس شمیسا: ١٣٨٥/٢٠٠٤، ١٦٢). هەروەها یاکۆبسن

(R.Jakobson) پێی وایە ئەدەب بەشێکی زمانەوانییە و تەواوکەرییەتی.**رۆبەرت سکولزیش** وای بۆ دەچێ کە هەم زمانەوان ناتوانن بایەخ بە ئەدەب نەدەن و هەم لێکۆڵەرەوانی ئەدەبیش ناتوانن زمانەوانی پشت گوێ بخەن.(رابرت اسکولز: ٢٠٠٢/١٣٨٣، ٤٤) **حەق شناس** یش ئەو گوتەیەی **کەدکەنی** کە دەڵێت "زمانەوانی رووداوێکە لە زماندا روودەدات"(محمد رضا شفیعی کدکنی: ١٩٧٣/١٣٥٤، ٣) دەکاتە بەڵگە بۆ ئەوەی کە رێگە بە زمانەوان بدات کە لە ئەدەبیات بکۆڵێتەوە و لەم بارەیەوە دەڵێت: (( زمانەوانی بەم بۆنەیەوە مافی ئەوەی هەیە دەست بخاتە نێو کاری لێکۆڵینەوەی ئەدەبییەوە کە ئەدەبیات،بەگوتەی **شەفیعی کەدکەنی**،"رووداوێکە لە زماندا رویدات" و ئەگەر ئەم رووداوە لە زماندا روودەدات،زمانەوان ناچارە بزانێت ئەم رووداوە زمانییە چیە.بێگومان ئەگەر بایەخ بەم رووداوە زمانییە نەدات بەشێکی بابەتی کارەکەی لە بەرچاو نەگرتووە و نەیناساندووە.)) (علی محمد حق شناس:١٩٩٢/١٣٧١، ١٠٣) بەرلەوەی کە بچینە سەر زمانی ئەدەب پێویستە سەرەتا بزانین کە زمان چەند ئەرکی هەیە و دواتر شوێنی زمان ئەدەب لە نێو ئەم ئەرکانەدا دیاری بکەین.

## ١-٢- ئەرکەکانی زمان:

زمان وەکو دیاردەیەکی ئاڵۆز فرە ئەرکە و زمانەوانەکان کۆك نین لەسەر جۆر و ژمارەی ئەرکەکانی. مارتنی (A.Martinet)سێ ئەرکی زمانی دەستنیشان کردووە (پەیوەندی بەرقەرارکردن، قسەی دڵ و جوانی داهێنان).(آندره مارتینە،٢٠٠١/١٣٨٢: ١٠-١١) بۆلەر (K.Bühler) یش سێ ئەرکی دەرکەوتن و دەربڕین و وروژاندن بۆ زمان دیاری دەکات (کورش صفوی،/١٣٧٤ /١٩٩٣: ٣٠)" کەچی **هالیدەی** (M.A.K.Halliday) سێ ئەرکی هزرەکی و ئەرکی نێوکەسی و ئەرکی دەقی بۆ زمان دیاری دەکات، بەڵام **یاکۆبسن** لەسەر بنەمای بەشەکانی پەیوەندی کردن شەش ئەرکی زمان دەستنیشان دەکات و پێی وایە کە بۆ بەرقەرارکردنی پەیوەندی، شەش بەش

بەشداری دەکەن. نێرەر پەیامێك لەرێگەی کەناڵی پەیوەندی بۆ وەرگر دەنێرێت. ئەوپەیامەش کاتێك کاریگەری دەبێت کە واتایەکی هەبێت و دەبێت لەلایەن نێرەرەوە بکرێت بە کۆد و لەلایەن وەرگرەوە کۆدەکەی لێك بدرێتەوە. هەرچی **ویلیام هویزە** نۆ ئەرك بۆ زمان دیاری دەکات کە ئەمانەن:

### ۱-۲-۱- ئەرکی وەسفی (Descriptive)

لەم ئەرکەی زماندا وەسفی شتێك دەکرێ یان دەتوانین بڵێین گواستنەوەی زانیاریی واقعییە لە بارەی شتێکەوە. ئەم ئەرکە لەلایەن **جۆن لاینزیشەوە** بە وەسفی و لەلایەن **بۆلەرەوە** دەربڕینی و **یاکۆبسن** ناوی ناوە گەڕانەوەیی (کورش صفوی،/۱۳۷٤/۱۹۹۳: ۳۲). بۆ نموونە:

- ئەم کتێبە باشە.

یا

- ئێستا کۆمپیوتەرێکی نوێ و باشت بۆ دێنم.

### ۱-۲-۲- ئەرکی هەڵسەنگاندن (Evaluative)

کاتێك کە دەمانەوێ شتێك هەڵبسەنگێنین ئەوا سوود لە ئەرکی هەڵسەنگاندن وەردەگرین. وەکو/

- ئازاد باشترین یاریزانی یانەکەتانە.
- ئەم ئۆتۆمبێلە بێ کەلکە.

### ۱-۲-۳- ئەرکی عاتفی (Emotive)

لەم ئەرکەدا زمان بە مەبەستی دەربڕینی هەست و سۆز بەکاردێت. ئەم ئەرکە لە لایەن **یاکۆبسن** یشەوە ئاماژەی پێکراوە و **مارتنی** ناوی ناوە قەسەی دڵ (آندرە مارتینە: ۱۳۸۲/۲۰۰۱: ۱۰-۱۱) (کورش صفوی،/۱۳۷٤/۱۹۹۳: ۳۱).

بۆنموونە:

- من ئەم گوڵەم زۆر لا جوانە.

- خودایە زۆر شوکر کە رزگارت کردم.

### ١-٢-٤- ئەرکی هەست بزواندن (Evocative)

لەم ئەرکەدا نێرەر هەستی وەرگر دەبزوێنێ. زیاتر شاعیر و ئەوانەی کە کاری ریکلام دەکەن و ...هتد سوود لەم ئەرکە وەردەگرن.بۆنموونە/

- ئای لە ئەحواڵی ئەم زەمانە لە کایەی منداڵ دەچێ

دنیایەکی چ پووچە لە زەرفی بەتاڵ دەچێ

- هەر کتێبێك دەکڕی بیکڕە بەڵام ئەم کتێبە مەکڕە(واتە تەنها ئەم کتێبە بکڕە.)

### ١-٢-٥- ئەرکی هاندان (Persuasive)

لەم ئەرکەدا نێرەر هانی وەرگر دەدات بۆ ئەوەی کارێك ئەنجام بدات. بەواتایەکی تر بڵێین داوایەکی لێ دەکات و یا ... . **یاکۆبسن** بە کەمێك جیاوازییەوە ئەم ئەرکەی ناوناوە ئەرکی هاندەری. (کورش صفوی،١٩٩٣/١٣٧٤: ٣١)

- بۆ ئەوەی زیاتر شارەزای ئازاد بیت، گەشتێکی لەگەڵدا بکە.

### ١-٢-٦- ئەرکی پرسیار (Interrogative)

زۆر جار بۆ بەدەستهێنانی زانیاری سوود لەم ئەرکەی زمان وەردەگرین و پرسیار لە بەرامبەرەکەمان دەکەین.

- چەند ساڵت خوێندووە؟

### ١-٢-٧- ئەركی فەرماندان (Directive)

ئێمە هەندێ جار فەرمان دەدەین بە یەکێك بە ئەنجام دان یا ئەنجام نەدانی کارێك.

- چایەکەت بخۆ و برۆ.

### ١-٢-٨- ئەركی کردەیی (Performative)

هەندێ رستە هەن کە خۆیان لە خۆیاندا کردەن.

- من وەکو دادوەر بڕیارمدا بە تاوانبارکردنی ئازاد بە تاوانی کوشتن.

ئەم منداڵە ناو دەنێم، شۆخە.

### ١-٢-٩- ئەركی هونەرکاری (Recreation)

گەلێ جار زمان بۆ مەبەستی گاڵتە کردن و نوکتە و پێکەنین بەکاردێنین و یاری بە وشە دەکەین. هەروەها بەمەبەستی سەرگەرمی خومان و دەوروبەرمان شیعری گاڵتە ئامێز و چەندین بابەتی تر بەمەبەستی چێژ بەخشین سوود لەم ئەرکە وەردەگرین.

## ١-٣- ئەركی ئەدەبی:

بەپێی پێناسەی **یاکۆبسن** بۆ ئەرکی ئەدەبیی زمان کە لەسەر بنەمای ئاراستەی پەیامە بۆ بەشەکانی پەیوەندی کردن، لەم ئەرکەی زماندا، ئاراستەی پەیام بەرەو ناوەڕۆکی پەیامەکەیە(کورش صفوی،١٩٩٣/١٣٧٤: ٣٠). واتە خودی پەیامەکە. بەواتایەکی تر لێرەدا پەیام خۆی لەخۆیدا دەبێتە جێی باس. بەڵام ئەمە بەو واتایە نییە کە شاعیر یا نووسەر لەکاتی نووسینی دەقێکی ئەدەبیدا سوود لە ئەرکەکانی تری زمان وەرناگرێت بەڵکو مەبەست ئەوەیە کە ئەرکە ئەدەبییەکە زەقتر دەبێ لە ئەرکەکانی تر ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە مەبەست لە گەیاندنی ناوەڕۆکی

پەیامەکەیە و ئەمیش مەبەستێکی لەدوایە. بەدەربڕینێکی تر ئەوەی کە ئەم دەقە ئەدەبییە دەخولقێنی، ئەرکە ئەدەبییەکەیەتی نەك ئەرکەکانی تر.

فۆرمالیستە رووسەکان پێیان وابوو هەموو ئەو شتانەی کە لەدەوروبەرمانن لەئەنجامی بەکارهێنان و دووبارەبوونەوەیان دەسوێن و بەمەش ناکەونە بەر سەرنجی ئێمەوە. شکۆلۆفسکی پێی وایە خۆکارکردن شتەکان دەسوێنێت، جل و بەرگ، مۆبیلیات و. . . هتد دەسوێنێت.( **ریچارد هارلند: ١٣٨٥/٢٠٠٤: ٢٤١**) زمانیش وەکو هەموو شتەکانی تری دەوروبەرمان لەئەنجامی زۆر بەکارهێنان کۆن دەبن و ئەم پرۆسەیەشیان ناونابوو خۆکاربوون. هەر فۆرمالیستە رووسەکانیش بوون کە دوو پرۆسەی خۆکاری و زەقکردنەوەیان لە یەکتر جیاکردەوە. هاڤرانك (B.Havranek) لەو بڕوایەدا بوو کە خۆکاری زمان لە بنەڕەتدا بە واتای بەکارهێنانی توخمەکانی زمان دێت، بەئامانجی دەربڕینی بابەت و ناوەڕۆك، بەبێ ئەوەی کە شێوەی دەربڕین سەرنج راکێش بێت.( **مهیار علوی مقدم،١٣٨٣/٢٠٠٢: ٨٢**) زمانی رۆژانە زمانێکی خۆکارە بەو واتایەی کە لەکاتی قسەکردندا سەرنجی مرۆڤ راناکێشێت بەڵکو ئەرکی تەنها گەیاندنی پەیامەکەیە. شکۆلۆفسکی لەو بڕوایەدا بوو کە واتای هونەر لە توانای"ئاشنایی سڕینەوە"ی شتەکان، لەنیشاندانیان بەشێوەیەکی نوێ و چاوەڕوان نەکراودا شاردراوەتەوە. لە ژیانی رۆژانەدا، ئێمە شتەکان و دەوروبەریان نابینین، چونکە درك پێ کردنی ئێمە بەگوێرەی راهاتن و بەشێوەیەکی خۆکار کاردەکات.( **میمنت میر صادقی:١٣٨٥/٢٠٠٤: ١١-١٢**) هەر ئەم خۆکارییەشە وادەکات کە مرۆڤ سەرنج نەداتە شتەکانی دەوروبەری خۆی، لەوانەش زمانەکەی.

ئەرکی ئەدەبیات سڕینەوەی ئەم ئاشنایییە و نەهێشتنی ئەم خۆکارییەیە لە زماندا، ئەمەش لەرێگەی زەقکردنەوەوە دەبێت کە پێچەوانەی خۆکارییە لە زماندا.

## ١-٤- پێشینەیەکی کورتی لادان:

لادان وەك پێشتر ئاماژەی پێکرا یەکێکە لە جۆرەکانی زەقکردنەوە. ئەم زاراوەیە لەبواری زمانەوانیی نوێ و رەخنەی زمانەوانییانە وەرگیراوە و لەرێگەی زمانی ئینگلیزیەوە چۆتە نێو باسەکانی رەخنەی ئەدەبییەوە.[١]

### ١-٤-١- زەقکردنەوە

بونیادگەران زاراوەی زەقکردنەوەیان لەدەروونزانی وەرگرت و لەبری ئاشنایی سڕینەوە خستەیانەروو.( **یوهانس ویلم برتنز: ١٣٨٤/٢٠٠٣: ٦٦**) مێژووی زەقکردنەوە بۆ پێش جەنگی دووەمی جیهانی، قوتابخانەی پراگ و کاریگەریی بۆچوونی فۆرمالیستە رووسەکانەوە دەگەڕێتەوە. ( **میمنت میر صادقی: ١٣٨٥/٢٠٠٤: ١٢**)

شکۆلۆفسکی (Shkhlovesky)، موکارۆفسکی (J.Mukarovesky) و هاڤرانك دوو پرۆسەی خۆکاری و زەقکردنەوە یان لەیەکتر جیاکردەوە و پرۆسەی زەقکردنەوە، بەپرۆسەیەك دەژمێردرێ کە زمانی خۆکار دەگۆڕێت بۆ زمانی ئەدەبی.(کورش صفوی: ١٣٨٢/٢٠٠١: ٣٣) بەو واتایەی کە دەبێتە هۆی داهێنانی دەقێکی ئەدەبی و بەمەش دەقەکە لە دەقێکی ئاسایی جیادەکرێتەوە.

**شەفیعی کەدکەنی** زمانەوان و ئەدیبی ئێرانی زەقکردنەوە دەکات بە دوو گرووپەوە، گروپی موسیقی و گرووپی زمانی.(محمدرضا شفیعی کدکنی: ١٣٨٥/٢٠٠٤: ٧) لای ئەم گرووپی موسیقی کۆمەڵە هۆکارێکە کە دەبنە هۆی جیاکردنەوەی زمانی ئەدەبی و زمانی خۆکار، ئەمەش لە رێگای ئاواز و تەریببوونەوە و ئەمانەش دەبنە هۆی بەدەست هێنانی کێش، سەروا، رەدیف و هاوئاهەنگییە دەنگییەکان.(هەمان سەرچاوە: ٩) زەقکردنەوە لە دوو شێوە خۆی دەنوێنێت، یەکەم بەشێوەی لادان لەو یاسایانەی کە زاڵن بەسەر زمان و ناودەنرێ

---

١- مەبەست ئەو جۆرە رەخنەی ئەدەبییەیە کە پشت بە زمانەوانی دەبەستێت.

لادان و دەبێتە هۆی داهێنانی شیعر و دووەم: زیادکردنی یاسایەك بۆ یاساکانی زمانی خۆکار کە ناونراوە ڕێسازیادکردن کە دەبێتە هۆی داهێنانی هەڵبەست. (G.N.Leech,1969:42-57)

### ١-٤-١-١- ڕێسازیادکردن

ڕێسازیادکردن بە بەکارهێنانی یاسای زیادە بۆ یاساکانی زمانی خۆکار دەژمێردرێت و بەم پێیە لەرووی چیەتیەوە لە لادان جیادەبێتەوە.(کورش صفوی١٩٩٣/١٣٧٤: ٥٠) نووسەر لێرەدا جگە لەوەی کە پەیڕەوی یاساکانی زمان (سیستمی زمان) دەکات، چەند یاسایەکی تریش دەخاتە سەر یاساکانی زمان. بە واتایەکی تر سیستەمێکی تر، سەرباری سیستەمی زمان خۆی، بۆ زمانەکە زیاد دەکات. بەرهەمی ئەم پرۆسەیەش بریتییە لە تەریببوون. دەشێ بڵێین بۆ یەکەم جار یاکۆبسن تەریببوونی خستۆتەروو. هەروەها وای بۆ دەچێ کە پرۆسەی ڕێسازیادکردن تەنها بریتییە لە تەریببوون ئەم تەریببوونەش لەرێگەی دووبارەبوونەوەوە بەرهەم دێت.(هەمان سەرچاوە، ٥٠)

### ١-٤-١-٢- لادان

لادان بریتییە لە لادان لە یاساکانی زمانی خۆکار. بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە هیچ سنوورێك نەبێت بۆ ئەم لادانە، لیچ لەکاتی باسکردنی لادان و ڕێسازیادکردندا سنوورێك بۆ ئەم دوانە دادەنێ. بەبڕوای ئەو لادان تەنها کاتێك دەتوانێ تا ئەو سنوورە بچێتە پێشەوە کە پەیوەندی دروستکردن تێك نەچێ و بەرجەستەکردن شیاوی دەربڕین بێت. (G.N.Leech,1969:31-54)

هێڵێکی زۆر باریك هەڵەی زمانی لە داهێنان جیادەکاتەوە. هەردووکیان بریتین لە لادان لە یاسا و بەزاندنیان، یەکێکیان بە دەست شاعیرەکە خۆیەتی و لە ژێر دەسەڵاتیدایە بۆ مەبەستێك هێناونی (داهێنان) ، ئەوی تریان لە رووی نەزانین و

گوێ نەدان و هەڵەشییەوە پەیدا دەبێ. داهێنان دیاردەیەکی (ئیجابی) پڕ مەبەستە بەڵام هەڵە دیاردەیەکی (سەلبی) کە لە سەر شاعیرەکە دەکەوێ و جیاکردنەوەیان پەیوەندی بەجۆری بەکارهێنان و کەڵك لێوەرگرتنەوە (استثمار)هەیە.(محەمەد مەعروف فەتاح) بەم پێیە هەریەکە لە تێك نەچوونی پەیوەندی دروستکردن و داهێنان مەرجن بۆ ئەوەی لادانەکە بەلادانێکی سەرکەوتوو دابنێن.

دواتر لیچ لادان بەسەر ئەم هەشت جۆرەی خوارەوەدا دابەش دەکات (G.N.Leech,1969:31-54):

١- لادانی لێکسیکی
٢- لادانی فۆنۆلۆژی
٣- لادانی کاتی
٤- لادانی شێوازی
٥- لادانی واتایی
٦- لادانی رستەسازی
٧- لادانی زاری
٨- لادانی نووسینی

جگە لەم هەشت جۆرە هەندێ لادانی تریش لای نووسەرانی ترەوە دەستنیشان کراون لەوانە:لادانی گوتاری و لادانی ناوەوەیی(سیماداد: ١٣٨٥/٢٠٠٤: ٥٤٠-٥٤٢).

**٥-١ جۆرەکانی زمانی ئەدەبی:**

کەدکەنی جیاوازی لەنێوان شیعر و هەڵبەستدا دەکات و جگە لە هەڵبەستیش ئاماژە بە جۆرێکی تری زمانی ئەدەبی دەکات و ناوی دەنێ (نظام) کە لە رێگەی جوانی ناسییەوە دێتە بەرهەم و بەجۆرێکی جیانەکراوەی شیعری دادەنێ. (محمدرضا شفیعی کدکنی: ١٣٨٥/٢٠٠٤ ٢٣٧-٢٣٩) لیچ یش جیاوازی لە نیوان هەریەکە لە

شیعر و هەڵبەست دا دەکات. بەڵام هەردووکیان ڕاستەوخۆ باس لە جیاوازی نێوان پەخشان و دوو جۆرەکەی تری ئەدەبی (شیعر و هەڵبەست)ناکەن" هەرچی **کرۆمبی** (D.A.Crombie)ی زمانەوانیشە باسی جیاوازی نێوان پەخشان و هەڵبەست دەکات و بۆ جیاکردنەوەی هەڵبەست و پەخشان سود لە ئامرازە فۆنەتیکەیەکان وەردەگرێت. وای بۆدەچیّ کە لە هەڵبەستدا جۆرێك لە ڕێسابەندیی برگەکان هەیە، بەڵام لە پەخشاندا بەیەکەوەهاتنی برگەکان شوێنکەوتووی یاسای ناوبراو نین. بەڵام باس لە جیاوازی نێوان پەخشانی ئەدەبی و پەخشانی نائەدەبی ناکات.(کورش صفوی: ١٩٩٣/١٣٧٤: ٥٣) هەرچی **حەق شناسە** جگە لە باسکردنی سیّ جۆرە ئەدەبییەکە باس لە جیاوازی نێوان پەخشانی ئەدەبی و پەخشانی نائەدەبیش دەکات و لەڕێگەی هێنانەوەی چەند نموونەیەکەوە جیاوازیەکانیان ڕوون دەکاتەوە.

**حەق شناس** جۆرەکانی ئەدەبیات بەسەر سیّ جۆردا دابەش دەکات، واتە شیعر، هەڵبەست و پەخشان. پێی وایە کە شیعر بە ناوەوەی زمانەوە بەندە و هەڵبەست بە دەرەوەی زمانەوە و دەڵێت: (( . . . دەتوانین بڵێین کە هەڵبەست بەندە بە دەرەوەی زمان واتە (شێوە) و شیعر بەندە بە ناوەوەی زمان واتە (ناوەڕۆك). مەبەستم لە دەرەوەی زمان فۆڕمی زمانە و هەمو ڕۆنانە ناواتاییەکانییەتی" و ناوەوەی زمانیش هەر ئەوەیە کە بەگشتی لە ئاستی واتاسازیدا لێی دەکۆڵرێتەوە هەرچەندە کە لە ئاستەکانی تریش بەرچاو دەکەوێت. . . . زمانی شیعر بە پێچەوانەوە، هەمووی لە واتا دەکەوێتەوە. )) (علی محمد حق شناس: ١٩٩٣/١٣٧٤، ١٠٩) دوابەدوای هەر یەکە لە هونەرەکانی ڕەوانبێژی کە دەبنە هۆی داهێنانی هەڵبەست یا شیعر لێك جیا دەکاتەوە، ئەمیش بە پێی ئەوەی کە ئایا تەنها بەندە بە فۆڕم یا بە واتاشەوە بەندە. هەر یەکە لە کێش، سەروا، تەرجیع بەند ، ڕەگەزدۆزی و لەف و نەشر دەبنە هۆی داهێنانی هەڵبەست و هەریەکە لە ( لێکچون، خواستن، درکە و هەموو جۆرەکانی خوازە) دەبنە هۆی داهێنانی شیعر. لەبارەی پەخشانی ئەدەبییشەوە دەڵێ: لە پەخشانی ئەدەبیدا، جۆرەکانی زمان تێکەڵ بەیەك دەکرێن. مەبەستیشی لە

جۆرەکانی زمان زیاتر (Registet) ە کە دەشێت تا سنووری زاریش بچێتە پێشەوە و هەموو ئەو شێوە یا جۆرە جیاوازانە دەگرێتەوە کە لە زماندا بەرچاودەکەون وەکو جۆری وانەوتنەوە و جۆری قسەکردنی نێو خێزان، جۆری بەرگریکردن لە دادگادا و یا. . . . هەرچی پەخشانی نائەدەبییە (پەخشانی سەروادار) تیایدا نە دەبێت خەریکی ناوەوەی زمان و نە خەریکی دەرەوەی زمان دەبێت. (علی محمد حق شناس: ۱۹۹۳/۱۳۷٤، ۱۱۰-۱۱۱) بە واتایەکی تر نە سوود لە رێسازیادکردن و نە سوود لە لادان وەردەگرێت. هەروەها جۆرەکانی ئەدەبیات لە سێگۆشەیەکی لەم جۆرەدا دەخاتە روو:




هێلکاریی ژمارە (۳) سێگۆشەی جۆرەکانی ئەدەبیات

وەك لە وێنەکەدا دەردەکەوێ شیعر دەکەوێتە سەرێکی سێگۆشەکە و هەر یەکە لە هەڵبەست و پەخشانیش دەکەونە سەرەکانی تری سێگۆشەکە و پێی وایە دەتوانرێ هەردەقێکی ئەدەبی کە بمانەوێ لەم سێگۆشەیەدا شوێنی بکەینەوە.(هەمان سەرچاوە،۱۱۳)

### ١-٦- جۆرەکانی زمانی ئەدەبیی کوردی:

ئەگەر هەر یەکە لە (شیعر، هەڵبەست و پەخشان) وەك سێ جۆر وەربگرین ئەوا لە زمانی کوردیدا کۆمەڵێك جۆری ئەدەبیمان هەن. لێرەدا چەند نموونەیەك لە دەقەکانی ئەدەبی کوردی دێنینەوە و لە رێگەی ئەم نموونانەوە هەوڵ دەدەین جۆرەکانی ئەدەبی کوردی دیاری بکەین. ئەگەر سەیری ئەم نموونەیە بکەین:

**١- پەخشانی نائەدەبی**

((لە سەرەتای نووسینی هەموو فەرهەنگێکدا کێشەی هەڵبژاردنی وشە دێتە پێشەوە. بنچینەی هەڵبژاردنی وشە پەیوەندە بە جۆر و بابەت و مەبەستی فەرهەنگەوە. تاکو ئێستا کێشەی هەڵبژاردنی وشە بۆ فەرهەنگ لە هیچ وڵاتێکی جیهاندا شێوازێکی زانستی تەواوی وەرنەگرتووە و هەندێ رووی ئەم مەسەلەیە هەر بە ئاڵۆزی ماوەتەوە. . . )) (عەلائەددین سەجادی، ٢٠٠٠: ٣٢٠)

دەبینین، نە خۆی بە ناوەرۆك (واتا)وە خەریك کردووە و نە بە شێوەوە خەریك بووە، بەڵکو مەبەست تیایدا تەنها گەیاندنی واتا بووە. بۆیە دەتوانین بە دەقێکی نائەدەبی بزانین و نموونەی ئەم دەقە لە کتێبەکانی مێژوو، فەلسەفە، کیمیا، گەردووناسی و . . . دا گەلێ زۆرە.

کەچی لەم نموونەیەدا:

**٢- پەخشانی ئەدەبی**

((بە ئەدەبەوە گوتم:

- هەرگیز ناتوانم داستانەکانت لە بیرکەم. حوسێن تا ئەبەد لە ناخی مندا خوێنی لێ دەرژێ، پێش تۆ من وام دەزانی بیابان تەنها حوشتر دەلاوێنێتەوە، تەنها بەدویەك لەوپەڕی غەمباریدا بەرانبەر ئاوابوونی خۆر شمشاڵ لێدەدات، لای تۆ بیابانم

ناسی، حوشترێك، ئەوەی تۆ ناوت نا، حوشتری زەرد، هەزار ساڵە بەخۆی و تەرمێکەوە ون بووە، هەرگیز وێنەی ئەو پیاوەم لەبیرناچێتەوە کە چوو ئاو بێنێ، لە وەختی گەڕانەوەدا چل و دوو تیریان لێدا و ئەو سووربوو لەسەر ئەوەی کە نەکەوێ و ناوەکە بگەیەنێتە حوسێن.

ئەو گوتی:

- بێوەفا بڵێ حەزرەتی حوسێن

. . .

ئەو لەوپەڕی حوزنیدا دەڵێت:

- ئەو کۆترانە رۆحی نازداری حەزرەتی عەلی چوکەڵەن، ئەو فریشتەیەی خودا، ئەو فریشتەیەی دنیا بەراستی چاوەڕێی بوو.

ئەو جارە کەمێك وشك و رەق گوتم:

- ئەی بەندەی حوسێن، من ئەمڕۆ ناتوانم نە چیرۆکەکەی تۆ و نە چیرۆکی فریشتەکانی خودا بگێڕمەوە، تەنها و تەنها کارێکتەرێکم دەوێت، بەدوای کەسێکدا دەگەڕێم، لە چیرۆکێکدا کارەکانم بۆ راپەڕێنی.)) (جەبار جەمال غەریب،٢٠٠٧: ١٦)

نووسەر سوودی زیاتر لە یەك شێواز وەرگرتووە و بەمەش دەقەکەی خۆی لەڕێگەی تێکەڵکردنی شێوازەکانەوە بەرجەستەکردووە.

بەڵام لەم نموونەیەدا:

### ٣- پەخشانە شیعر

(( دەبا ئەو زەمهەریرە بیڕێتەوە، دەبا ئەو بایە ریش سپیخە سۆڵە بڕەوێتەوە، سەید وەك لەسەر باڵی گەردەلوول بێ دەهەژا و ئەو قسانەی بەنێو هەناسەکانی گەردەلوولدا لێی بەردەبۆوە، دەیگوت:تێمە لەبەر نێو و یادی ژن شارمان چۆڵ کرد و لەبەر بۆنی ژن لە ئاو رەوینەوە و هەڵمەمان بەنەعلەت کرد، لەبەر نیگای ژن بریسکەی چاو و رەونەقی پێست و نەرمیی لەش و هەوەسمان کوشت و ئاوێنەمان شکاند. )) (جەبار جەمال غەریب، ٢٠٠٠: ٣٢)

نووسەر بەدەر لەوەی کە سوودی لە لادانی شێوازی وەرگرتووە، هەندێ لادانی تریشی (لادانی واتایی) تێدایە کە دەقەکە زیاتر لە شیعر نزیك دەکاتەوە. وەکو (ئەو بایە ریش سیخە سۆڵە)، ( باڵی گەردەلوول)، ( ئەو قسانەی بەنێو هەناسەکانی گەردەلوولدا لێی بەردەبۆوە) و ( بریسکەی چاو و رەونەقی پێست و نەرمیی لەش و هەوەسان کوشت). لەیەکەمیاندا ریشی بە بایەکەبەخشیوە و بەمەش سیفەتی مرۆڤی داوەتە (با)یەکە و بەمرۆڤکردن دروست بووە. لەدووەمیاندا سیفەتی باڵندەی داوەتە گەردەلوول و باڵی پێ بەخشیوە و بەمەش بەئاژەڵکردن رووی داوە. لەسێیەمیاندا سیفەتی گیانلەبەری داوەتە (گەردەلوول) و هەناسەی پێ بەخشیوە. کەچی لە چوارەمیاندا سیفەتی زیندویی بەخشیوە بە هەریەکە لە (بریسکەی چاو، رەونەقی پێست، نەرمی لەش).[٢]

هەرچی ئەم نموونەیەیە:

## ٤- پەخشانە هەڵبەست

((ئەی موسوڵمانینە بزانن ئەم مانگە مانگی مەولوودە، مانگێکی زۆر موبارەك و مەحموودە، ئەییامێکی گەورە و عەزیمە، رۆژگارێکی شەریف و کەریمە، بەواستەی ئەم مانگەوە بووین بە مۆمن و موسوڵمان، بەواستەی ئەم مانگەوە زاهر بوو نووری ئیمان. چوار یاری پێغەمبەر (ص) ئەبووبەکر و عومەر و عوسمان و عەلی خوایان لێ رازی بێ مەدحی مانگەیان زۆر کردووە، وەهەمیشە بە تەعزیم و گەورەیان نێو بردووە. . . )) (عەلائەددین سەجادی، ٢٠٠٠: ٣٤)

جیاوازی لەگەڵ پەخشانەکانی پێشوو لەوەدایە کە ئەم پەخشانە سوودی لە سەجع وەرگرتووە، کە یەکێکە لە کەرەسەکانی پێکهێنانی هەڵبەست(کورش صفوی،١٩٩٣: ٢٩١) ، بەمەش بەپێچەوانەی دەقەکەی پێشوو زیاتر لە هەڵبەست نزیك بۆتەوە نەك لە شیعر.

ئەم دەقەش:

---

٢- لەبەشی داهاتوودا باس لەهەریەکە لە (بەمرۆڤکردن، بەئاژەڵکردن و چەند زاراوەیەکی تر) دەکەین.

### ٥- هەڵبەست

(( (رَأس): سەرە. (عَيْن): چاوە

(بَدَن): قالب (اِسْم): ناوە

(أنف): لووتە (حاجِب): برۆ

(فَخِذ): رانە. (رُكْبَة): ئەژنۆ)) (شێخ مەعروفی نۆدێ،؟: )

هەڵبەستێکە کە لە بنەڕەتدا پەخشانێکی نائەدەبییە و لە ڕێگەی سوود وەرگرتن لە کەرەسەی داهێنانی هەڵبەستەوە (وەك بەکارهێنانی: کێش، سەروا، ڕەگەزدۆزی و. . . هتد) بۆتە دەقێکی ئەدەبی.

کەچی ئەم دەقە:

### ٦- هەڵبەستە شیعر

((بەحری (تقارب)ئەجزاکەی هەشتن

نەغمەیان نەغمەی ئەهلی بەهەشتن

(فعولن)تەکرار هەتا چوارە

بۆ هەر مەصرەعێ حەدیان دیارە

دوو (عروض)ی هەن یەکەمیان ساغە

چوار (ضرب)ی هەیە وێنەی گوڵباغە)) (مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، ١٩٩١: ٨٨)

سەرەڕای ئەوەی کە سوودی لە کەرەسەکانی داهێنانی هەڵبەست وەرگرتووە" سوودی لە کەرەسەکانی داهێنانی شیعریش وەرگرتووە"بەڵام ڕێژەی بەکارهێنانی کەرەسەکانی داهێنانی هەڵبەست زیاترە لە کەرەسەکانی داهێنانی شیعر.

لەم دەقەدا

**٧- شیعرە هەڵبەست**

((خەطات فەرموو کە خۆشە چین و ماچین
کە ناچین، لێرە خۆشە چینی ماچین
برۆت هەر چین و پەرچەم چین لەسەر چین
ئەمەندە چینە، قوربان، پێم بڵێ چین؟)) (نالی،١٩٧٨: ٣٤٥-٣٤٦)

بەپێچەوانەی دەقەکەی پێشوو شاعیر لەپاڵ سوود وەرگرتن لە کەرەسەکانی داهێنانی شیعر سوودیشی لە کەرەسەکانی داهێنانی هەڵبەست وەرگرتووە.

لەرێگەی خستنەرووی ئەم چەند دەقە ئەدەبییە بۆمان دەردەکەوێ کە ئەدەبی کوردی ژمارەیەکی زۆر جۆری ئەدەبی هەیە. ئەمیش بەپێی دەستنیشانکردنی ئەوەی کە ئایە سوودی لە کەرەسەکانی داهێنانی کام لەسێ جۆرە ئەدەبییەکە و ڕێژەی بەکارهێنانیان دەتوانین جۆری دەقەکە دیاری بکەین.

# بەشی دووەم

# جۆرەکانی لادان

## ٢-١- لادانی لێکسیکی

بەگوێرەی پێوانە و بە لادان لە ڕێساکانی ڕۆنانی وشەی زمانی خۆکار، وشەیەکی تازە زیاد دەکات و بەکاری دێنێت. (کورش صفوی١٩٩٣/١٣٧٤: ٤٦) یاخود شاعیر بە سوود وەرگرتن لەو وشەسازیەی لە زماندا هەیە، و بە گشتاندنی، و بەلادان لە سنووردارێتیی بەکارهێنانیدا وشەی نوێ درووست دەکات.(منصور ستودە١٣٨٥/٢٠٠٤: ١٣) ئەم جۆرە لادانە، بەپێچەوانەی لادانی وشەسازی ، لادان نییە لە یاسا وشەسازییەکانی زمان، بەڵکو بەپێی یاسا وشەسازیەکانی زمان و بە لادان لە سنووردارێتی ئەم یاسایانە شاعیر هەوڵ دەدات لێکسیکێك بۆ زمانەکەی خۆی زیاد بکات. ئەم لادانە زمانییە بۆ مەبەستی جیاجیا بەکاردێت. محەمەد مەعروف فەتاح وای بۆ دەچێ کە ((هەندێ جار شاعیر بۆئەوەی لە درێژبڕی دەرچێت یان بۆ پاراستنی وزە و لکاندنێکی توندوتۆڵ یان نەبوونی هەندێ کەرەسەی ئامادە لە زمانەکەدا خۆی وشە دادەتاشێ )) (محەمەد مەعروف فەتاح) هەروەها لیچ لەو بڕوایەدایە کە داهێنانی وشە یاسای لێکسیکی تێك نادات بەڵکو دەبێتە هۆی دەوڵەمەند بوونی زمان.(مریم خلیلی جهانتیغ١٣٨٢/٢٠٠١: ١٧٦) ئەم جۆرە لادانە خۆی دابەشی دوو جۆر دەبێ: وشە داهێنان(G.N.Leech,1969:31-54) ئاماژە بەو دیاردەیەی بواری وشەسازی دەکات کە بەهۆی ئەوەوە قسەکەر وشەیەك دروست دەکات کە پێشتر لە دەقی ئەو زمانەدا نەبووە. دووەمیان گۆڕینی ئەرکی (functional conversion) پرۆسەی گۆڕینی کاتیگۆریەکی ڕێزمانیی وشەیەکە بۆ کاتیگۆریی ڕێزمانیی وشەیەکی تر. لەم دیاردەیەدا نەك تەنها پەیوەندی واتایی نێوان وشەکان تێکەڵ دەکرێن، بەڵکو ئەو پەیوەندییانەشی کە پێویستیان بەو هاونشینییە باوەی وشە هەیە کە لە پانتایی پەیوەندیی ڕێزمانییدا واتادارن، دەگۆڕێت.(سیماداد ١٣٨٥/٢٠٠٤: ٥٤١)

**٢-١-١- دارێژراو[1]**

ئەی تەلەفی گفتو گۆ، جامیعی کیذب و درۆ
واعیظییە ئیشی تۆ، ***عاشقی***یە کاری من (نالی،١٩٧٨: ٣٣٦)

لێرەدا نالی بەپێی یاسای مۆرفۆلۆژیی کوردیی(ناو+ی) و بە لادان لە سنورداریتی هەمان یاسا وشەی (عاشقی) ی دروست کردووە.

**٢-١-٢- لێکدراو:**

دائیم لەدووتە مێگەلی ژن، ***نێرگەل*** ی پیاو
بەم ریشەوە لەپێشەوە بوویی بە سەرگەلە(نالی،١٩٧٨: ٤٦٨)

لێرەدا شاعیر بەپێی یاسای مۆرفۆلۆژیی کوردیی(ناو+پاشگری گەل) و بە لادان لە سنورداریتی یاساکە وشەی (نێرگەل) ی دروست کردووە.

## ٢-٢- لادانی واتایی

لادانی واتایی بەواتای لادان لەو پێوەرانە دێت کە بەیەکەوەهاتنی لێکسیکەکان دیاری دەکەن، یا لادان لەو سیما واتاییانەی کە زاڵن بەسەر بەکارهێنانی لێکسیك لە زمانی خۆکاردا، واتە ئەرکی گەڕانەوەیی زمان. (فرزان سجودی،١٩٩٧:) لادانی واتایی واتای پێچەوانەی درووستی واتاییش دەگەیەنێ. دەتوانین بڵێین دوو مەرج بۆ دروستی واتایی هەیە ئەوانیش دروستی لە رووی لێکدانی رێزمانی و لەباری لە رووی واتاوە.(جولیا اس..فالك،١٩٩٨/١٣٧٧: ٣٦٧) سەفەوی بەپێی ئەو دوو پەیوەندییەی کە یاکۆبسن ناویان دەنێ پەیوەندی هەڵبژاردن و لێکدان، و سۆسێر پێیان دەڵێ هاونشینی و بیرخستنەوە، لادانی واتایی دابەش دەکات:

---

[1] - لادنی لێکسیکیی سادە نییە، چونکە شاعیر لەم لادانەدا بەپێوانە لەسەر ئەو وشانەی کە لە سانەکەیدا هەن، وشەی تازە دادەهێنێ.




هێلکاریی ژمارە (٤)
جۆرەکانی لادانی واتایی لای کۆرشی سەفەوی

بەڵام د. عەبدولواحید بە سوود وەرگرتن لە بنەماکانی هاریکاری نێوان قسەکەر و گوێگر( ی گرایس) کە ئەمانەن
لادانی واتایی بەسەر چوار جۆردا دابەش دەکات:
١- چەندێتی
٢- چۆنییێتی
٣- گونجان
٤- شێواز (د. عبدالواحد مشیر دزەیی، ٢٠٠٧)
هەرچی سجودی یە دابەشکردنێکی تر بۆ جۆرەکانی لادانی واتایی دەکات. ئەمەش بەجەخت کردنەوە لەسەر واتاسازی، بەئاگابوون لە یاساکانی بەیەکەوەهاتنی لێکسیك. توانییەتی دابەشکردنێکی گشتگیرتر و لە هەمان کات تێروتەسەلتر بۆ لادانە واتاییەکان بکات.(فرزان سجودی١٣٧٩/١٩٩٨: ٢٢)
سەرەتا لادانە واتاییەکانی بەسەر دوو جۆردا دابەش کردووە کە بەبەرجەستەکردن

و بەئەبستڕاکتکردنن. بەبەرجەستەکردنیش سیٚ جۆری هەیە، بەزیندەوەرکردن، بەرەوانکردن و بەتەنکردن. بەزیندەوەرکردنیش دوو جۆری هەیە بەرووەککردن و بەگیاندارکردن. بەگیاندارکردنیش دوو جۆری هەیە کە بەمرۆڤکردن و بەناژەڵکردنە. دەتوانین ئەم دابەشکردنەی سجودی لە هێلکارییەکی لەم جۆرەدا روون بکەینەوە:




هێلکاریی ژمارە (٥)

جۆرەکانی لادانی واتایی لای فەرزان سجودی

**٢-٢-١- بەبەرجەستەکردن**

پێدانی سیمای واتایی [+بەرهەست]ە بە [+ئەبستراکت] (فرزان سجودی: ١٣٧٨/١٩٩٧).

**٢-٢-١-١- بەزیندەوەرکردن (animalnees)**

پێدانی سیمای [+ زیندەوەر]ە بەوەی کە لە زمانی گەڕانەوەییدا (- زیندەوەر)ە. (فرزان سجودی: ١٣٧٨/١٩٩٧).

بەپێی ئەم تیۆرە زمانەوانییە وەنەبێ لادانی زمانی (واتایی، ڕێزمانی و...) تەنها لە شیعری تازەدا هەبێ بەڵکو لە دەقە ئەدەبییە کۆنەکانیشدا زۆر زەق بەرچاو دەکەون.

**٢-٢-١-١-١- بەڕووەککردن**

ئەم جۆرە لادانە بریتییە لە پێدانی تایبەتمەندییەکانی ڕووەك بەوەی کە لە بەکارهێنانی گەڕانەوەییدا ناڕووەکیە. بە دەربڕینێکی تر پێدانی سیمای (+ڕووەك) بە [- ڕووەك]. (فرزان سجودی: ١٣٧٨/١٩٩٧)

لێوی تۆ ئاوی بەقا من خضرم
فەیضی تۆ رەحمەت و، _من سەوزەگیا_ (نالی،١٩٧٨: ١٢٥)

لێرەدا شاعیر جێناوی کەسی سەربەخۆی (من) ،کە مرۆڤە، چواندووە بە سەوزەگیا بەمەش لادانی واتایی(بەڕووەککردن) ی ئەنجام داوە.

**٢-٢-١-١-٢- بەگیاندارکردن**

گیاندار ئەو زیندەوەرانە دەگرێتەوە کە لە زمانی خۆکاردا خاوەنی سیمای واتایی [+زیندەوەر] و [-ڕووەك]ن. بەگیاندارکردنیش بریتییە لە پێدانی سیمای واتایی

[+گیاندار] بەوەی کە بەپێی یاسای بەیەکەوەهاتنی لێکسیکەکان لە ئەرکی گەڕانەوەییدا دەبێت سیمای [-گیاندار]ی هەبێت. (فرزان سجودی:١٩٩٧/١٣٧٨)

**٢-٢-١-١-٢-١- بەمرۆڤکردن (personification)**

بریتییە لە پێدانی تایبەتمەندییەکانی مرۆڤ بە شتە نازیندووەکان.(هەمان سەرچاوە: ) یان دروستتر بڵێین پێدانی تایبەتمەندییەکانی مرۆڤە بە نامرۆڤ.

فەرشی کەففی بەری پێتە <u>نەرگس</u>
<u>سەری داخستووە</u> وەك چاوی حەیا (نالی،١٩٧٨: ١٢٦)

لەم دێرە شیعرەدا شاعیر کاری (سەرداخستن) ی داوەتە پاڵ نەرگسی کە یەکێکە لەو سیمایانەی کە تایبەتە بە مرۆڤ و بەمەش بەمرڤکردنی ئەنجام داوە.

**٢-٢-١-١-٢-٢- بەئاژەڵکردن**

هەرکاتێك وشەیەك بە سیمای [- ئاژەڵ] لە شوێنی وشەیەك دابنرێت کە بە پێی یاسای بەیەکەوەهاتنی لێکسیکی دەبێت سیمای [+ئاژەڵ]ی هەبێت، بەئاژەڵکردن رووی داوە. (فرزان سجودی: ١٩٩٧/١٣٧٨)

<u>ئەسپی نەفست</u> دێت و دەچێ، گەرمە عەنانی
ئەی مەستی ریاضە ت هەڵەلهوشیاری جڵەو بە (نالی،١٩٧٨: ٣٩٣)

لەم دێڕەدا شاعیر نەفسی بە ئەسپ چواندووە، بەمەش مامەڵەی ئاژەڵی لەگەڵ نەفسدا کردووە.

**٢-٢-١-٢- بەرەوانکردن**

بریتییە لە پێدانی سیمای واتایی [+رەوان] بەو وشانەی کە سیمای واتایی [رەوان]یان هەیە. (فرزان سجودی:١٩٩٧/١٣٧٨)

که خاکی، خاکی دامەن بە، وەگەر نە، تۆزی بەربادی
*کە ئاوی*، ئاوی گەوهەر بە، وەگەرنە، بلقی سەر ئاوی(نالی،١٩٧٨: ٦٨٣)

لەم دێرە شیعرەدا شاعیر روو لە یەکێك دەکات و مامەڵەی ئاوی لە گەڵ دەکات و بەمەش سیمای جیاکەرەوەی واتایی [+رەوان]ی پێ دەدات.

**٢-٢-١-٣- بەتەنکردن**

هەر کاتێك کە وشەیەك بە سیمای [- تەن] لەشوێنی وشەیەك دابنرێت کە لە بەکارهێنانی گەڕانەوەییدا سیمای [+ تەن] ی هەیە ئەوا بە بەتەنکردن رووی داوە. (فرزان سجودی:١٩٩٧/١٣٧٨)

*سەر بەردەبازی رێتە*، تەن تەختە بەندی جێتە
دڵ مەیلی خاکی پێتە، رۆح ماڵی خۆتە بیبە (نالی،١٩٧٨: ٣٩٥)

لێرەدا سە بە بەردەباز، کە سیمای جیاکەرەوەی [+تەن] ی هەیە، چوێنراوە بەمەش بەتەنکردن رووی داوە.

**٢-٢-٢- بەئەبستڕاکتکردن**

هەر کاتێك کە وشەیەك بە سیمای [- بەرهەست] لەشوێنی وشەیەك دابنێت کە لەبەکارهێنانی گەڕانەوەییدا سیمای [+ بەرهەست] ی هەیە ئەوا ئەبستڕاکتکردن رووی داوە. (فرزان سجودی:١٩٩٧/١٣٧٨) یاخود پێدانی سیمای واتایی [+ئەبستڕاکت] بەو وشەیەی کە لە سیستەمی واتایی زمان لە ئەرکی گەڕانەوەییدا سیمای واتایی [+بەرهەست]ی هەیە. (هەمان سەرچاوە)) یان پێدانی سیمای [+ئەبستراکت]ە بە وشەیەك کە لە بەکارهێنانی گەڕانەوەییەکەیدا [- ئەبستراکت]ە و یا بەدەربڕینێکی تر بەرهەستە. .(هەمان سەرچاوە)

خاڵت چییە؟دانەی گەنمی جەننەتی رووتە

چاوت چییە؟فیتنەی حەرەمی قیبلەیی ئەبرۆ (نالی،١٩٧٨: ٣٨٧)

لەم دێرەدا چاو ، کە لە زمانی خۆکاردا سیمای جیاکەرەوەی [+بەرهەست] ی هەیە، سیمای جیاکەرەوەی [+ئەبستراکت] ی پێدراوە.

## ٢-٢-٣- دژواتایی یا پاڕادۆکس

دژواتا یا پاڕادۆکس بریتییە لە بەیەکەوەهاتنی دوو وشە کە لە بەکارهێنانی خۆکاردا بە شێوەی دژ یا دژیەك بەکاردێن.( منصور ستودە١٣٨٥/٢٠٠٤: ٣٦) یاخود(( گوتەیەکە کە بە رواڵەت دژیەك یا بێبایەخە (مهمل)، بۆیە وا لە تاکەکەس دەکات کە بەدوای واتایەکی قووڵتردا بگەڕێ. )) (ابراهیم چنگی،٢٠٠٣: ٣٣٣)

هەرچەندە کە عومری خضر و جامی جەمت بوو

چونکە ئەمەلت زۆرە، چ عومرێکی کەمت بوو(نالی،١٩٧٨: ٣٦٧)

لێرەدا شاعیر بە هێنانەوەی دوو رستە، کە لە یەکەمیاندا تەمەنێکی زۆر بە کەسی بەرامبەری دەدات و لە دووەمیاندا پێی دەڵێ تەمەنێکی کەمت بوو، پاڕادۆکس یا دژواتایی درووست کردووە.

## ٢-٣- لادانی دەنگی

سەفەوی پێی وایە کە لادانی دەنگیی کاتێك روودەدات کە شاعیر لە یاسا دەنگییەکان لابدات و فۆرمێك بەکاربێنێت کە لە رووی دەنگییەوە لەزمانی خۆکاردا باونیە. (کورش صفوی١٣٧٤/١٩٩٣: ٤٧) هەریەکە لە سەفەوی و سجودی پێیان وایە کە لادانی دەنگیی زۆربەی کات پێویستیەکن بۆ پاراستنی کێشی شیعر. (فرزان سجودی١٣٧٩/١٩٩٨: ٢١)

مەخمەرە *هاوییەیی* هەولی فیراق

دەستی من دامەنی تو رۆژی فیراق (نالی،١٩٧٨: ١٢٦)

لێرەدا شاعیر بە زیاد کردنی دەنگی (ی) دوای (ی) ی خستنەسەری دوای وشەی (هاوییە) لە زمانی خۆکارلای داوە و ئەمەش تەنها بۆ پاراستنی کێشی شیعرەکەیە.

**٢-٤- لادانی رێزمانی**

لادانە لەپەیوەندییە رێزمانییەکانی رستە. (سیماداد١٣٨٥/٢٠٠٤: ٥٤٠) ئەمیش دوو جۆری هەیە: لادانی رستەسازی و لادانی وشەسازی.

**٢-١-٤-١- لادانی رستەسازی**

شاعیر هەوڵ دەدات لە رێگەی گۆڕینی ریزبەندی کەرسەکانی رستەی زمانی خۆکار لە زمانی خۆکار لابدات و بەمەش لادانی رستەسازی روودەدات. سەفەویش وای بۆ دەچێ کە شاعیر دەتوانێت لەشیعری خۆیدا بە جێگۆڕکێی توخمە پێکهێنەرەکانی رستە لە یاسا رستەسازییەکانی زمانی خۆکار لابدات و زمانی خۆی لە زمانی خۆکار جیابکاتەوە. (کورش صفوی١٣٧٤/١٩٩٣: ٤٦) جگە لەوەش پێی وایە کە دەشێ بڵێین لە زۆربەی شوێنەکاندا رازاندنەوەی لێکسیك وەکو ئامرازێك بۆ دەست گەیشتن بە هەڵبەست بەکاردێت. (هەمان سەرچاوە: ١٣٨) بەبڕوای سجودیش ئەم بابەتە لە زمانی ئەدەبیدا زیاتر وەکو پێویستی کێش بەکاردێت. ( منصور ستودە١٣٨٥/٢٠٠٤: ٤٩) بەمەش دەبێتە یەکێك لە پێداویستیەکانی هەڵبەست. لە زمانی کوردیشدا زۆربەی کات ئەم لادانە وەکو پێویستیەك بۆ پاراستنی کێش بەکاردێت.

عەجەب ئەستێرە شەو هەڵدێ لەتاوی خوسرەوی خاوەر

*بەرووی تۆم دیدە هەڵنایێ* شەو و رۆژ گەرچی بێدارم (نالی،١٩٧٨: ٢٧٢)

شاعیر لەم دێرە شیعرەدا شوێنگۆڕکێی بە کەرەسەکانی رستە کردووە لەبری ئەوەی کە بڵێ (بەرووی تۆ دیدەم هەڵنایێ)، دەڵێ(بەرووی تۆم دیدە هەڵنایێ)،

بەواتایەکی تر شوێنی جێناوی لکاوی (م) کە لە بەکاهێنانە خۆکارەکەی زماندا دوای وشەی (دیدە)یە گواستویەتییەوە بۆ دوای جێناوی کەسی سەربەخۆی (تۆ).لێرەشدا بە مەبەستی پاراستنی کێش ئەم کارەی کردووە.

**٢-١-٤-٢- لادانی وشەسازی**

ئەم لادانە گەردانی ئەو مۆرفیمانەی کە لەدەرەوەی ئاسایی زمانن دەگرێتەوە.(سیماداد ١٣٨٥/٢٠٠٤: ٥٤٢) لێرەدا شاعیر هەوڵ دەدات لەرێگەی لادان لە یاسا وشەسازیەکان زمانی خۆی بەرجەستە بکات بەمەش لادانی وشەسازی روودەدات.

موساوی وەك یەك و لولن لە هەر دوو لاوە *__زولفەینی__*

نموونەی عەکسی حەرفی (میم) و (نون) و (واو)ە زولفەینی (نالی،١٩٧٨: ٦٧٤)

لەم دێرەدا بە سوود وەرگرتن لە وشەی زمانی کوردی و وشەسازیی زمانی عەرەبی وشەی (زولفەین) ی دروستکردووە و بەمەش لە وشەسازیی زمانی کوردی لای داوە.

**٢-٥- لادانی کاتی**

بریتییە لە سوود وەرگرتن لە وشە و زاراوەکانی ئاخاوتنی رۆژانەی سەردەمێك کە نەماوە.(عریعلی رضایی١٣٨٤/٢٠٠٣: ١٧) بریتییە لەوەی کە شاعیر یا نووسەر لە بەرهەمی خۆیدا سوود لە وشە کۆچکردوو و ستراکچەرە رێزمانییە کۆنەکان وەربگرێت کەوا ئێستا لە زماندا بەکارنایەن. **لیچ** پێی وایە کە لادانی کاتی بریتییە لە بەردەوامیی ژیانی زمانی رابردوو لەدوتوێی زمانی ئەمرۆدا.(مهیار علوی مقدم١٣٨٣/٢٠٠٢: ١١١) هەروەها دەڵێ شاعیر دەتوانێ هەم سوود لە زمانی هاوچەرخان و هەم لە زمانی پێشینان وەربگرێت. (N.Leech,1969:51) ئەمیش دوو جۆری هەیە کە بریتین لە لادانی کاتیی لێکسیکی و لادانی کاتیی رستەسازی.

### ٢-١-٥-١- لادانی کاتیی لێکسیکی

شاعیر سوود له وشه کۆچکردوو یا گۆکردنه کۆنەکانی تری وشەکان وەردەگرێت.

### ٢-١-٥-٢- لادانی کاتیی رستەسازی

له لادانی کاتیی رستەسازیدا شاعیر دەچێته سەر شوێنگۆڕکێی بەشی له رسته یا لەبری دانانی رۆنانێکی وەکو نزا بۆ رۆنانێکی تری وەکو فەرماندان. (سیماداد ١٣٨٥/٢٠٠٤: ٧٠-٧١) لادانی کاتیی رستەسازی به واتای هێنانی ئەو وشه یا رۆنانه رستەسازیانەی پەیوەست بوون به رابردووی زمانەوه و ئێستا ئیدی له زمانی ستاندەرد دا سوود لەم وشه یا رۆنانه رستەسازیانه وەرناگیرێ.(**محسن نورپیشه قدیمی**١٣٨٤/٢٠٠٣: ٨٨) هەر کاتێك که شاعیر یا نووسەر له شیعری خۆیدا سوودی وەرگرت لەو رۆنانه رستەسازییەکانی پێشینان که ئیدی مردوون وسوودیان لێ وەرناگیرێ، لادانی کاتیی رستەسازی رووی داوه، بەدەربڕینێکی تر ئەم پرۆسەیه بریتییه له سوود وەرگرتن له رۆنانه رێزمانییەکانی رابردووان که له بەکارهێنانی زمانی خۆکاردا سوودی لێ وەرناگیرێ.(منصور ستوده ١٣٨٥/٢٠٠٤: ٢٤٤).

### ٢-٦- لادانی شێوازی

ئەگەر شاعیر له زمانی نووسینەوه بۆ ئاوازی ئاخاوتن لابدات، جۆره ئاشنایی سڕینەوەیەك له دەقی شیعر دەخرێتە روو. (**محسن نورپیشه قدیمی**١٣٨٤/٢٠٠٣: ٩٠) لادانی شێوازی کاتێك روودەدات که شاعیر به بەکارهێنانی فرەشێوازی له شیعردا له شێوەی نووسراو لابدات. (N.Leech,1969:51-52) لێرەدا شاعیر هەوڵ دەدات لەرێگەی بەکارهێنانی شێوازی ئاخاوتن لەبری شێوەی نووسین لەشیعرەکەیدا له زمانی خۆکار لابدات و زمانەکەی بەرجەستەبکات و له زمانی خۆکار جیابکاتەوه.

## ٢-٧- لادانی زاری

لیچ پێی وایە کە لە هەندێ شوێندا شاعیر ڕۆنانگەلێك لە زارێکدا کە لە زمانی خۆکاردا نین دێنێتە نێو شیعر. (N.Leech,1969:) شاعیر هەندێ جار هەوڵ دەدات سوود لە زارەکانی تر وەربگرێت و ڕۆنانەکانی ئەو زارە لەنێو شیعرەکەی خۆی بەکاربێنێت و بەمەش دەقەکەی بەرجەستە دەبێت و بەمەش دەگوترێ لادانی زاری.

ناری سینەم گەر نەبێ، غەرقم ئەمن

ئاوی چاوم گەر نەبێ، سووتاوم ئەز(نالی،١٩٧٨: ٢٢٢)

لێرەدا شاعیر بەبەکارهێنانی جێناوی کەسی سەربەخۆی (ئەز) ی زاری کرمانجی سەروو لە شیعرەکەی خۆیدا، لادانی زاری ئەنجام داوە.

## ٢-٨- لادانی نووسینی

لێرەدا شاعیر هەوڵ دەدات لە نووسینی باوی زمان لابدات و لەم ڕێگەیەوە دەقەکەی خۆی بەرجەستەبکات. بەمەش واتایەکی تر بخاتە سەر واتای دەقەکە کە بەر لەم لادانە هەیبوو. ئەم لادانە سیمای جیاکەرەوەی نێوان شیعری هاوچەرخ و شیعری کۆنە و بەپێچەوانی شیعری کۆن کە چەند قاڵبێکی دیاریکراوی هەبوو، ئەم لادانە وای کردووە کە شیعری هاوچەرخ سنوورێکی دیاریکراو نەبێ بۆ قالبەکانی. یاخود گۆڕینی ڕێسای نووسینی باو یا شکاندنەوەی وشەکانە بۆ تێکەڵ کردنی ئاسایی ڕۆنانی وشەکان.(سیماداد ١٣٨٥/٢٠٠٤: ٥٤٢) هەندێ جار شاعیر سوود لەجۆرێك لادان وەردەگرێت لە نووسیندا کە هاوشانی دەنگی نیە. بەدەربڕینێکی تر، شاعیر شێوەیەك لەنووسیندا بەکاردێنێت کە گۆڕان لە گۆکردنی وشەدا ناهێنێتەبوون، بەڵکو چەمکێکی لاوەکی دەخات سەر چەمکە سەرەکیەکە.(کورش صفوی١٣٧٤/١٩٩٣: ٤٧) بەمەش ئەم لادانە تەنها بە نووسین (بینین)ەوە پەیوەست دەبێ و کارناکاتە سەر دەنگ (بیستن). لە شعری کۆندا زیاتر بەشێوەی ڕەگەزدۆزیی ئۆرسۆگرافی و دەرکەوتنی جۆراوجۆری (موشّح ومدرّج) ئاشکرادەبن و چێژ لای خوێنەر دەخولقێنێت

و له شیعری هاوچەرخیشدا، کورتیی و درێژیی نیوەدێرەکان، فۆڕمی پەیژەیی نووسینی نیوەدێرەکان و تەنانەت پیتەکانی وشەیەك، دەبنە هۆی داهێنانی لادانی ئۆرسۆگرافی. (محسن نورپیشه قدیمی ۱۳۸٤/۲۰۰۳: ٥٦) لەم جۆرە لادانە دا شاعیر شێوەی نووسینی لێکسیك دەگۆڕێت، واتە بە سوود وەرگرتن لە هێماکانی تایپکردن، گۆڕینی سپەیسی هێڵەکانی شیعر و فەزای نێوانیان، هەوڵ دەدات چەمکێك سەرەڕای چەمکی خودی لێکسیکەکە بۆ شیعرەکە زیاد بکات. (:N.Leech,1969)

- کاسەیەکی لەبن سێلە فشە شانە نەکراوەکانی داناوە

له

بەر م ت

با ه ه

سەریەنێ چ وە و

رووووەو

لمستان

دەچێ(ئەحمەد مستەفا نەجمەدین،۱۹۹٦: ٥٠)

لێرەدا شاعیر بە لادان لە شێوەی نووسین پێشان دانی کردەی چەمانەوە لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی دەنگەکانەوە لادانی نووسینیی ئەنجام داوە.

**٢-٩- لاداني ناوەکی**

کاتێك ڕوودەدات کە نووسەر لەو ئاسایی و لۆژیکەی کە زاڵن بەسەر بەرهەمی
ۆی لابدات. بۆ نموونە کاتێك کە بانگەشەی شتێك دەکات و دواجار لێی پەشیمان
دەبێتەوە.(سیماداد١٣٨٥/٢٠٠٤: ٥٤٢)

وەرە بنوارە *دوو دەستی حەنایی‌یم*

*حەنایی چی؟ هەمووی هەر خوێنە* قوربان(نالی،١٩٧٨: ٣١٥)

لەم دێڕەدا دوای ئەوەی کە شاعیر لە نیوە دێری یەکەمدا دەڵێ (دوو دەستی
حەنایی)، لە نیوەدێری دووەمدا پەشیمان دەبێتەوە و دەڵێ (حەنایی چە؟) لادانی
اوەکی ئەنجام داوە.

# بەشی سێیەم

# شیکردنەوەی کەرەسەکان

لەم بەشەدا لێکۆڵینەوە لەو ئەنجامانەی کە بەدەست هاتوون لە دەستنیشان کردنی هەرسێ جۆر لادان لە دیوانە ناوبراوەکانی هەر سێ شاعیر دەکەین. ئەم بەشە لە چوار بەش پێکهاتووە و هەر بەشێك لەم سێ بەشەش بە سەر سێ پاردا دابەش دەبێت.

لە بەشی یەکەمدا ئەو ئەنجامانەی کە بەدەست هاتوون لە لێکۆڵینەوەی لادانی واتایی لای هەرسێ شاعیر دەخەینە روو. لادانی واتایی لای هەر یەکە لەم سێ شاعیرە بەسەر چەند جۆرێکدا دابەش دەبن کە رێژەی سوودوەرگرتنیان لای هەریەکەیان لەگەڵ رێژەی سەدییان لە چەند هێلکاریەکدا نیشان دەدەین.

لە بەشی دووەمدا دەچینە سەر لادانە لێکسیکییەکان، ئەم لادانە دوای دابەش کردنی بەسەر هەر دوو جۆری ١- لادانی لێکسیکی دارێژراو ٢- لادانی لێکسیکی لێکدراو لێی دەکۆڵینەوە. رێژەی سوود وەرگرتنیان بەهۆی هێلکارییەوە روو دەکەینەوە.

لەبەشی سێیەمدا لە لادانی نووسینی دەکۆڵینەوە و رێژەی بەکارهێنانی لای هەریەکە لە سێ شاعیرەکە لەرێگەی هێلکارییەوە روون دەکەینەوە.

لەبەشی چوارەمدا پوختەی ئەنجامە بەدەست هاتووەکانی ئەم باسە بەشێوەی هێلکاری و خشتە نیشان دەدەین.

## ٣-١ لادانەکان لای فەرهاد پیربال

### ٣-١-١- لادانی واتایی

ئەم لادانە ٤١٦ جار بەکارهاتووە کە دەکاتە ٨٤,٧٢٪ ی کۆی گشتی لادانەکان. بەم شێوەیە:

#### ٣-١-١-١- بەمرۆڤکردن

بەمرڤکردن ٢٩٥ جار بینراوە کە دەکاتە ٧٠,٩١٪ ی هەموو لادانە واتاییەکان. ئەمانە چەند نموونەیەکن:

پەنجەرەکانت لە خۆ تۆراند، ئەستێرەکانی پشتیان تێکردی EXIL،ل ١٠

لێرەدا شاعیر سەرزەنشتی بەرامبەرەکەی دەکات و پێی دەڵێ تۆ کارێکی خراپت دەرهەق بە پەنجەرەکان و ئەستێرەکان کردووە و ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە پەنجەرەکان لێت بتۆرێن. بەمەش کاری تۆران ، کە تایبەتە بەمرۆڤ. داویەتە پاڵ پەنجەرەکان. بەمەش مامەڵەی مرۆڤی لەگەڵ پەنجەرەکان و کردووە. هەروەها کاری پشت تێکردنیش، کە تایبەتە بەمرۆڤ، داوەیەتە پاڵ ئەستێرەکان. یان:

. . . هەنگاوی لەگەڵ یەکتر دوژمن،
هەنگاوی لەگەڵ یەکتر لالووت؛ EXIL،ل ٢٢

لەم نموونەیەشدا هەریەکە لە سیفەتەکانی (لالووت و دوژمن)، کە تایبەتن بەمرۆڤ، داویەتە پاڵ هەنگاو.

چەند نموونەیەکی تر

***رۆژە*** خۆشە ***ئاسوودە*** و زێڕەوشانەکان
ئێوارانیش، کە دەهاتەوە، ***سەرشانەکانی*** EXIL، ل ٥
ئەو ***تەلەفۆنە میهرەبانەیە***، کە لەناکاو
مژدەی سەرلەنوێ ڕووانەوەی ڕەز و ڕووبارە ڕەنگینەکانی ***پێیم ڕادەگەیاند***. EXIL، ل ٥، ٦

ئاخۆ چیتر سەروقژی ئەندێشاویی سنۆبەری سەر ڕێگاکان دەبینمەوە؟ EXIL، ل ٦

* ئەی ڕۆژە خۆشە ئاسوودەکان! ئەی ڕۆژە پڕ پەلکەزێڕینە و زەردەخەنەکان! EXIL، ل ٦

* . . . چەند دڵۆپە حەسرەتێکی قەتیسماون لەژێر ڕەشماڵە دەرکراوەکان EXIL، ل ٦

* لەناو قژی دارچواڵە سنگ سووتاوەکاندا: EXIL، ل ٦

* لە ژوورە تەنیا و دەربەدەرە پیرەکانیشدا، لە چوارچێوەیەکی دیواریندا: EXIL، ل ٦

دیل.

* ئەی بارانی وڵاتەکەم! Exil، ل ٨

* لێم ببوورە! Exil، ل ٨

* ئەی نێرگزی بسك زەردی وڵاتەکەم! Exil، ل ٨

* لێم ببوورە! Exil،ل٨

* لێم ببوورە ئەی ئەو چارۆکە فرمێسکاوییەی کە بەسەر تەرمی نیشتیمانە کوژراوەکەم

دادراوی! Exil ل٨

* کراسی بەری دارستێوێکت بۆ بخوازمەوە، Exil، ل ١٠

* جەژن:

کە دایکم بوو، دەنوشتایەوە ماچی دەکردم. Exil، ل ١١

* غەریبیی ئەو دەنگە ڕەنگینە میهرەبانەی کە ئێواران، کاتێ دەچوومە دەرەوە، پێم

دەگوتم: Exil، ل ١١

* ژێر درەختێکی بچکۆلانەی قژ خەنەیی بوو جێ ژووانی، Exil، ل ١٢

* بەختەوەری، وەك کچۆلەیەکی شان و مل ڕووت

قژ فرمێسکاوی

لە کونجێکی ژوورەکەمدا هەلکورماوە، هۆن هۆن دەگری:

بێ ئەوەی پێم بلێ بۆچی، بێ ئەوەی وەڵامم بداتەوە. Exil، ل ١٤

* گۆرانییە باڵا بەرزە تازەزاوا ئاسوودەکانی مشکۆ Exil، ل ١٥

* من له خه‌می کانییه ساوا، گولیلکه تازه ڕوواوه‌کاندام: گه‌له‌ك نه‌فام و بێ چه‌په‌ڕن. . ئاخ

Exil، ل ١٦

* نه ئه‌و وێنه فۆتۆگرافییه دڵخۆشانه‌ی له سه‌ردانی هه‌واری عیشق و ئاهه‌نگه‌کان ده‌گه‌ڕێنه‌وه

Exil، ل ١٦

* ئه‌و ڕۆشناییه به شه‌به‌نگه‌ی، که نیوه شه‌وان، له په‌نجه‌ره‌ی ده‌م به‌خه‌نده‌ی ژووره‌کانمان

Exil، ل ١٨

* یه‌که‌مین ماڵی میهره‌بانم:

ژوورێکی گه‌رمی به تاریکی زێڕه‌وشان بوو؛ ده‌ری کردم. Exil، ل ١٩

* ژێ زیوینه زامداره‌کانی گیتاره‌که‌م

هۆن هۆن ده‌گرین Exil، ل ١٩

* شتێکی بچووك، ئه‌گه‌رچی ساکار، تا خه‌م حه‌ز بکا هۆن هۆن ده‌یگریاندم.

له‌سه‌ر ته‌پۆلکه‌یه‌کی له‌هۆشخۆچوو، له‌ژێر سێبه‌ری سه‌ربڕاوی دره‌ختێکدا

پێمان نه‌کرا ئه‌وانیش له‌گه‌ڵ کۆرپه و منداڵ و پیره ژنه‌کان بنێژین

Exil، ل ٢١

* یه‌ك دوو تاکه نه‌علی که‌ساس، هێلکه‌و ڕۆنێکی مێش لێنیشتوو،

ئه‌مانه‌ن یادگاری و شته‌کانی له دووای خۆمان ده‌مێبه‌خشینه گۆڕ.

Exil، ل ٢١

* له تاجێکی شکاوی درۆزنی نه‌زۆك . . . Exil، ل ٢٢

* گۆڕی فرمێسکێك Exil، ل ٢٢

* مه‌یته خۆشخۆراك، میواندۆسته‌کان؛

مه‌یته ڕێکپۆشه ئاسووده‌کانی ئه‌ورووپا. . . Exil، ل ٢٣

* مه‌یته‌کان؛ مه‌یته ڕێکپۆش، ئاسووده‌کانی ئه‌ورووپا Exil، ل ٢٣

* له مه‌یدانی پانتۆمیمی نێو پایته‌خته لنگ ڕووته‌کاندا

لەپێش دەرگای باڵوێزخانە شووشەییەکاندا، لەژێر چەند __*لافیتەیەکی لاڵی*__ __*ڕەشپۆش*__

Exil، ل ٢٣

* چاوەڕێ دەکەین __*بەبەغایەکی*__ چاوشینی __*درۆزن*__. . .

Exil، ل ٢٣

* لە مەیدانی گشتیی ناوشار، چاوەکانیان دەبەستنەوە و __*تیرباران دەکرێن!*__

Exil، ل ٢٤

* __*لە*__ هەموو __*سمۆرەیەکم پرسیوە*__، لە هەموو پۆلە __*واژەیەکی بەناو ساڵکەوتووی*__

Exil، ل ٢٥

* هەر __*تراویلکەیەک*__ لە درەوشانەوەی ئاسوودەی خۆیدا __*بانگم بکا*__، بەرەو ڕووی دەچم

Exil، ل ٢٥

* لە ئێوارەیەکی وێرانکراوی وردو خاشدا بوو کە __*ماڵئاواییم لەو خانووە کرد*__:

__*هەنگاوەکانم*__ ئاوڕیان لە دەرگا هەورینەکەی دەدایەوەو

__*هۆن – هۆن دەگریان.*__

Exil، ل ٢٦

* __*پیرەدارە سەر و پرچ و ریش سووتاوەکە*__، __*چاوی پڕ ڕوونلک داهات*__، __*وتی*__:

__*وتی*__: ( (نازانم

__*وتی*__: ( (نازانم، لە چاوان کوێر بم؟

Exil، ل ٢٨

* __*پیرەدارە سەرو پرچ و ریش سووتاوەکە*__، __*هۆن هۆن*__ لەگەڵم __*هەنسکی دەدا*__

Exil، ل ٢٨

* دەشێ ئێستا، __*ژنییەکی دیکەش*__

__*چاوە برژانگ شەلالی خوێن سوورەکانی لێک بنێت*__ و نەیبینمەوە!

Exil، ل ٢٩

* __*ڕۆژنامە*__ پەرپووتە __*ئاوارەکان*__ بێ سۆنگە نیە دەناڵێنن

بەدیهیاتە ڕۆتینە ڕەتینەکان __*دەڵێنەوە*__. . .

بێ سۆنگە نیە __*تەبای منداڵێک*__: لەناو بازاڕێکی گەورەدا ونبوو، __*دەزریکێنن*__

Exil، ل ٢٩

* دوێنێ شەو بوو، بینیم: **شینکاوێك**، **کنارەکانی پێچایەوەو** خۆی تقوومی ژێر زەوی کرد.
Exil، ل ٢٩

* بیر لەو تەناقە **گلۆپە** زەرد و سوور و وردیلانەی کە **بە پەرۆشن** لە شەوانی ئەگلەنجەکاندا
بەسەر **شانی تاق** و **پەنجەرەی خۆشی نەدیوی** ماڵەکانمان بدرەوشێنەوە.
من بیر لەو **پاسکیلە گوناحە** هیلاکانە دەکەمەوە کە کرێکارەکان دەمەو نوێژان
بە **دیواری میهرەبانی** مزگەوتەکانیان هەڵدەپەسارد. Exil، ل ٣٠

* **چۆلەکەیەکی** پەرشکاوی **لاڵ** Exil، ل ٣١

* **زەردی و غەمگینیی** سیمای **پێم دەڵێ:** Exil، ل ٣١

* ئاوازی ڕەنگیان دەپرژاندە سەر **ئێوارە ئاسوودەکەی** خۆشەویستیمان.
Exil، ل ٣٢

* نۆرصێك وەکو بەختەوەرییەکی لامل شین لەو لامانەوە هەڵنیشتبوو.
من **پێم وت:** دە، بۆ عەشقمان. . . بخوێنە!
**تۆ پێت وتم:** نا، ئازیزەکەم، ژیان کورتە، ساتەوەختێکە Exil، ل ٣٢

* سەیری پۆل پۆل **پەڵە هەورە غەمگینەکانی** ناو سێنمان دەکرد؛
**وەکو بلێی تەرمی ئەوینێکی** ڕێبوارانە **بگوازنەوە:** Exil، ل ٣٢

* . . . **پەلکەزێڕینەی ڕێگا ئاسوودە**، **باخچە** زێڕەوشان، **چایخانەکان فێریان کردم** کە. .
Exil، ل ٣٣

* ئێوارەیەکی خۆشی ئاوها بوو کە **ڕاپەڕینی هێڵ** و **ڕەنگە ئازادیخوازەکانی** سەر شەقام **بانگیان کردم:** دڵبلندانە، بەرەو زندان ڕاپێچ بکرێم. Exil، ل ٣٣

* **نرکە و ناڵە** ئاویلکەدانی شەقامەکان **بانگیان کردە شار:** ناو جەرگەی شار.
Exil، ل ٣٤

* **تیشکی بەخشندەی** تریفەی واژە تازەکانی Exil، ل ٣٤

* چایخانەکان، شەقامەکان، نامیلکە و بەیانە نهێنییەکان پرسەیان بۆ داگرت.
Exil، ل ٣٥

* شەهامەتی، هۆن هۆن فرمێسکی بۆ هەڵدەرشت. Exil، ل ٣٥

* تەرپی باران لەبیری کرد Exil، ل ٣٥

* سەوزیی گەڵا لە بیری کرد

شەونم، بەهار، کۆڵانەکان، گفتوگۆکان. لەبیریان کرد. Exil، ل ٣٥

* ئەی نیشتمانم؛ لە تەنیشت بەهار Exil، ل ٣٦

* ئەی نیشتیمانم؛ لە تەنیشت خۆر Exil، ل ٣٦

* ئەی نیشتمانم Exil، ل ٣٦

* ئەی نیشتیمانم، ئەی رۆحی بریندار لە گیانەڵادا! Exil، ل ٣٦

* لە قوژبنێکی کەسیرەدا Exil، ل ٣٧

* گەڵا سڵاو لە گەڵای خوشك، هاوسێی خۆی ناکا.

مانگیش: تەنیا، مەگەر بۆ جگەرەو شقارتە کرین لە ژوورەکەی خۆی بێتە دەرەوە.
Exil، ل ٣٩

* هیچ کەس فرمێسکی پەیکەری بەرزی ناو مەیدانەکان نابینێ . . .
Exil، ل ٣٩

* کەسیش نازانێ: ( (مرۆڤایەتی)) ئەو کچە جوانکیلە لادێیە شار غەریبە رۆژگارێکی یەکجار زۆرە لە شوقەیەکی فەرامۆشکراوی ناو ئەم پایتەختە ئاسنییەدا گیانی سپاردووە، کە رووی هەڵناوە. Exil، ل ٣٩

* چەندین جەژن گوزەریان کرد و هیچ بەیانییەك هەڵنەستامەوە بە دوو دەستێك، بە دوو چاوێك بڵێم: ( (جەژنت پیرۆز بێ))! Exil، ل ٣٩

* - ئەی دەنکە خۆڵە بچکۆڵەکانی کۆڵانەکەمان،
ئەی دەنکە خۆڵە دێرینە خۆشەویستەکەم. . . چەنێکت بیر دەکەم!
Exil، ل ٣٩

* بیر لەو ***گوڵدانە گوڵشەبەقە میهرەبانەی*** حەوشەکەمان دەکەمەوە
کە ئاخرین رۆژی لە تاو سێدارە سەرهەڵگرتن بۆ سەفەرم ***گریا***، ***وتی***: ( (بەجێم مەهێڵە)).
Exil، ل ٣٩

* بیر لە **گۆرانییە** بریندارە شەوگەڕە لانەوازەکانی مشکۆ دەکەمەوە
کە لە ***شەقامە*** تاریك و ***مەست*** و ساردەکانی نیوەشەوان
بێ پەنا، بێ ئەنوا، دەلاّلانەوە.
Exil، ل ٤٠

* نێوانمان هێندەی ***بەدبەختی*** و ***لاتی*** و ***وەی حەزبکا***، لە یەکتر دوورە:
Exil، ل ٤١

* نێوانمان هێندەی ***تاراوگە*** و ***خەم*** و ***خەفەت حەز بکا*** لە یەکتر دوورە
Exil، ل ٤١

* هەر خۆشت ***بەو*** ئینسان و ***وڵاتانەی رۆژهەڵات دەڵێی***:
Exil، ل ٤٣

* ***ئەی دەریای*** شینی بەڵتیك، ***ئەی سەربەستیم***!
***ئەی هاژەی پڕ شەهامەتت***: شکۆفەدانی جورئەتی من!
شەپۆلەکانت؛ ئێستا خامۆش، پێ دەچێ تاوێ ڕێگەم بدەنی ***لەگەڵتا بدوێم***:
Exil، ل ٤٧

* بە نرکە و ناڵەت: خۆشترین ***گۆرانی***
بۆ ***پەڵە هەورە سەوداسەرە*** کۆچەرەکانی دەوری خۆت ***دەڵێی***!
ئەی هەموودەم بە ***گریێنت***: گەشترین مرواری
Exil، ل ٤٧

* تۆ بە ئاوڕدانەوەت لە کچە گوڵی لێواران و شتکردنە ***کەزیی*** شەهوەتاویی ***شۆڕەبییەکان***
Exil، ل ٤٧

* دیسان هاتووم، بە ئاخرین/ نرکەی/ بێ هێزی/ لە گیانما/ ماوە، ***لێت پرسیم***:
( (کەی ***باوەشت بۆم دەکەیتەوە***؟ کەی تێکەڵی خۆتم دەکەی. . ؟!
Exil، ل ٤٧

* ئاهـ، ***ئەی دەریا***!
Exil، ل ٤٧

* چاوم ئەوەندەی لە چاودڕوانیدا سەیری **ئاسمانە میهرەبانە** دوورەکان بکا
Exil، ل ٤٨

* دڵم ئەوەندەی لە پایزاندا، لەگەڵ **گوڵاڵە ئەویندارە** تەمەنکورتەکان هەڵبپڕووکێ، هەڵپڕووکا.
Exil، ل ٤٨

* **وشەکانم** یەك یەك **مردن**.
Exil، ل ٤٨

* **گەڕان** و **سووڕان** و **پیاسەکانیشم** هێندە **بێ ئۆقرەن**، هێندە هیلاکن
Exil، ل ٤٨

* **داهاتووی بێکەس**،
Exil، ل ٤٨

* بۆ ئەو **درەختە قژ ئەندێشاوییە کراسی بەر داپچڕاوانەی**
Exil، ل ٤٨

* بۆ ئەو **پەپوولە** بچکۆلانە **لە هۆشخۆچووەی** کە بە دیواری حەوشەکەمان هەڵدەپەسارد و
Exil، ل ٤٩

* پاشماوەی غەمگینی جوانترین **خەون و خەیاڵاتی گوڵاڵە سووره ئەویندارەکانن**.
Exil، ل ٤٩

* حەز دەکەم بە **ڕقی تەورداسێك** وردو خاشت کەم!
Exil، ل ٥٤

* **ئاسوودەیی خۆی شانە دەکرد**؟
Exil، ل ٥٤

* تۆ- **ئەی شیعر**
Exil، ل ٥٤

* لە پاڵ **وەهمێکی ڕاکشاوی** ڕووبارێندا هەڵوەری، تکا. .
Exil، ل ٥٦

* دەچم لە باری ئیسپانییەکان تا **بێداربوونەوە**ی **بەندەر** و **پارە** و **پاپۆڕەکان** دادەنیشم:
Exil، ل ٥٧

* **حەز** و **هەوەس** و **خۆشەویستی** شەو و ڕۆژ **بێدار**. . .
Exil، ل ٥٨

* بستێ زەویی میهرەبانم نەدۆزییەوە کە خەونەکانمی تیا بڕوێنم؛

Exil، ل ٥٩

* بە زەردەخەیەکی کەیفخۆشەوە بە یەکتر دەڵێین: ( (ئێوارە باش)).

Exil، ل ٦٠

* بەهەرچی چاوێکی میهرەبان و جوان ببینم دەڵێم ئاه دایکی شیرینم

Exil، ل ٦٠

* هەرچی وەهمێکی ناو قەدباریك و کۆك ببینم پێی دەڵێیم ئاهـ، دەزگیرانەکەم. . !

Exil، ل ٦٠

* کە خۆر کراسێکی نیوەتاریك دەکاتە بەر شەقامەکان؛ یادم کەوە!

لەو کاتانەدا حەزدەکەم ڕوخساری خۆڵ و خەفەت لەسەر نیشتووی

Exil، ل ٦١

* کە خۆر کراسێکی ماتەمینپۆش دەکاتەبەر دوڕیانەکان؛ یادم کەوە!

Exil، ل ٦١

* کە خۆر کراسێکی وەنەوشەیی دەکاتە بەر درەختەکان؛ یادم کەوە!

Exil، ل ٦١

* ئەی بیرەوەرییە پڕ دڵۆپەی باران — Exil، ل ٦٢

* ئەی یادگارە دەم بە خەندە، یەخە و مل کۆك، سەر و قژ شانە لێدراوەکان!

ئەی ڕۆژانی نۆزدە ساڵییم، ئەی گەنجێتیم! تاسەتان دەکەم! — Exil، ل ٦٢

* گەنجێتیی من پاڵەوانێکی ئەفسانەیی بوو

دای لە کێوێکی سەختی دژوار و نەگەڕایەوە.

ئاسوودەیی من: گۆرانییەکی سەرهەڵگرتوو بوو

ئایەکی مۆری کوشندەی گرت و هەڵنەستایەوە. — Exil، ل ٦٢

* ئەی یادگارە منداڵییەکان

ئەی بیرەوەرییە باڵا بەرزە کراسی هاوینە قوڵکورتەکان!

ئەی ڕۆژانی شەلاڵی عەتر و ئاواز و سەفەر!

ماڵئاوا. . Exil، ل ٦٢

* سەیری کۆڵانە بە بۆنی مووورتك سەرمەستەکانمان

سەری پەلوپۆی میهرەبانی دارلاو لاوی دەوری دیواری ماڵەکانمان Exil، ل ٦٣

* من باس لە بەسەرچوونی جوانی دەکەم. باس لە هەنگاوە لافاوییەکانی تاریکی. Exil، ل ٦٥

* من باس لە ترسی نەمانی بەهانەکانی خۆشبەختی دەکەم.

باس لە ژووانی هەمیشەیی نێوان وەفا و خیانەت، پێکەوەیی و لێك دابڕان Exil، ل ٦٥

* چرپەی سەوزی، ڕۆحی خەوالووی بێدار کردمەوە. Exil، ل ٦٧

* کاتژمێری لەهۆشخۆچووم گیانی وەبەر داهاتەوە. Exil، ل ٦٧

* بەیاتریس، بەیاتریسی میهرەبانیش: Exil، ل ٦٨

* ئەوەتا: ئەوین، قژ ژاڵەی ژاکاو، لە کونجێکی ئەم ژوورەدا هەڵکورماوەو

زەبوونانە تەماشای چارەنووسی گوڵاڵە سووورە ئەویندارەکان دەکات

تەماشای تنۆکە خوێنە ڕەشهەڵگەڕاوە پیسەکانی دەوری خۆی دەکات و هۆن هۆن دەگری. Exil، ل ٦٩

* وشە خەونییە سەوزەکانمان چۆن لەسەر لێوە لەهۆشخۆچووە مۆرەکانماندا

سیسەنبەر ئاسا سیس هەڵدەگەڕێن! Exil، ل ٦٩

* لەنێوان هەر گەڵایەکی سەوز و زەمیندا ژووانێك هەیە. Exil، ل ٧١

* لەو ئاسمانە میهرەبانەدا

نیشتمانێکی هەمیشەیی ئاسوودەم هەیە،

لە شەقامە ئاوارەکانیشدا Exil، ل ٧٥

* لە تەنیشت جوانییە میهرەبانەکاندا Exil، ل ٧٥

* ئەی ئەو چرپە، وەکو چرپەی پشکووتنی گوڵ عەتراوییەکان!

ئەی ئاوازە وەك ئاوازە ئاسمانییە دڵنەوازەکان، Exil، ل ٧٧

* ئەی میهرەبانییە جۆلانەییە دێرینەکان!

ئەی قسە و سۆزە باوەشییە بەخشندەکان! Exil، ل ٧٧

* پێیان بڵێن: ئاسوودەیی Exil، ل ٧٧

* ئەی شەو بگری!

ئەی غەم بگری!

ئەی ڕۆح بگری! Exil، ل ٧٨

* مەیتی نازداری یادگارەکانا ! Exil، ل ٧٨

* چەندین ساڵ بوو: درەختە تەنیا، نائومێدەکان خۆیان لە زێ و زۆنگاوەکان نەدەهاویشت

دەیانزانی ڕۆژێ من و تۆ لە سێبەریاندا دەحەسێینەوە. Exil، ل ٨١

* دەست لە ملی ڕووباری ڕووت ڕادەکشام و ڕۆحم دەینرکاند: Exil، ل ٨١

* دەنگێکی جوان، لە دوورەوە، پێی دەگوتم: دێی. Exil، ل ٨١

* لەسەر گۆڕی گەنجێتیمدا خۆت داگیرساند و Exil، ل ٨١

* مردم هێندەی لێرە قاوەی ساردی نێو تێوارە ئاوارەکان بخۆمەوە

Exil، ل ٨٢

* گوێ بۆ گۆرانییە سەرهەڵگرتووە پڕ ئاهەنگەکانی Exil، ل ٨٢

* بەیانی باش، ئەی تاڵە تیشکە نارنجییەکان!

بەیانی باش، ئەی غەڵبەغەڵبە غەوارە لە خەو تازە هەڵساوەکان!

بەیانی باش، ئەی تریفەی سپیانە ماندوو ژەنگ و تەپ و تۆز لێنیشتووەکان!

Exil، ل ٨٣

* من ئەو دەگا میهرەبانەی کە هەموو ڕۆژێك لێیەوە دەردێم، خۆشم دەوێ.

Exil، ل ٨٣

* لەم پایتەختە بێ متمانە و چیمەنتۆییەدا

که ئەوین خەریکە ماڵئاوایی لە شۆستە تەنیا و ماندووەکان دەکا

Exil، ل ٨٤

* لێوەکانی

تێر ماچ ناکەن لێوی رووبار و . .

دەمرن.

سەوزیی بەهار و. .

دەمرن. Exil، ل ٨٥

* ئەوینی تۆ — ئەی وڵاتەکەم Exil، ل ٨٦

* دەرت کردم Exil، ل ٨٨

* هەر بە یەکجاری فڕێم بدە ناو زەریامردنێنکی ئەم غەیبییەوە- Exil، ل ٨٨

* دەرت کردم. Exil، ل ٨٨

* دەرت کردم.

* ڕووم تێ کەوە: Exil ، ل ٨٨، ٨٩

* دایکێکی باوەش گەرمی تۆ لەوێ. Exil، ل ٨٩

* هەر بەیەکجاری چۆن عەرەبە جاهیلییەکان

کچە ( (زیاد)) و زەبوونەکانیان لە گۆڕ دەنا، لە گۆڕم نێ-

یا لە ئامێزی خۆتم بگرەوە: Exil ، ل ٨٩

* بانگم کەوە

هەڵمگرەوە

:

ببەرەوە-

ئەی کوردستانە خۆشەویستە دوورە دەستەکەم،

ئەی یادگارە بەهەشتییە خاپوور کراوەکەم! Exil، ل ٨٩

* - من دەنگی زەنگی زرنگانەوەیەکی سامناك بانگی کردم. Exil، ل ٨٩

* هەموو *بەیانی* و *ئێوارەیەکی* زەردی *شپرزە*، . . . هەمان زەنگ *بانگی ئێمەش*
*دەکا*.
Exil، ل ٩٠

* لەسەر شۆستە بە پەڵەخوێن سوورەکاندا، لە *شەقامە* *وەك* *ماڵ لێقەوماو*
Exil، ل ٩٠

* *سەفەر مەکەن*، *مەڕۆن*! Exil، ل ٩١

* *کۆچ مەکەن*، *مەڕۆن*! Exil، ل ٩١

### ٣-١-١-٢- بەتەنکردن:

ئەم لادانە واتاییە بەرێژەی ٢٨ جار بەکارهاتووە کە دەکاتە ٦,٧٣٪ ی کۆی گشتی لادانە واتاییەکان. سەیری ئەم نموونەیە بکە:

ناسرِ پردێك بوو لە نێوان پەنجەرە و کۆڵان،
کە ئێوارە ژەنگگرتووەکان لاشەی بۆگەنبووی برینەکانمان تێدا دەناشتن EXIL
ل ٥٥

لێرەدا سیمای واتایی [+تەن] دراوە بە منداڵی کە لە بەکارهێنانی ئاساییدا سیمای واتایی [- تەن]ی هەیە. ئەمیش لەرێگەی رەنگ پێدانی. هەروەها بڕوانە:

دوێنی شەو بوو، بینیم: شاعیرێك،
هەرچی *جوانیی* شارەکەی هەبوو *پێچایەوە*و سەری خۆی هەڵگرت EXIL،ل ٢٩

لەم دەقەدا شاعیر سیمای [+ تەن] ی داوە بە جوانی ئەمیش لە رێگەی کردنی بە بەرکاری کاری پێچانەوە کە لە زمانی خۆکاردا ئەم کارە پێویستی بە بەرکارێکە

که سیمای [+ تەن] ی هەبێ لەکاتێکدا (جوانی) لە زمانی خۆکاردا سیمای [- تەن] ی هەیە بەمەش بەتەنکردن رووی داوە.

هەندێ نموونەی تر

* که *رۆحی* خۆمی تیا *حەشار بدەم*. Exil، ل ١٣

* لە *لووتکەی خۆشی* و *لەززەتەکاندا*، لە باوەش یەکتر، کە خەریکن ببێ بەیەك: Exil، ل ١٦

* پەنجەرەکەی بە *پێشبینییەکی لاکێشەیی* تریفەدار؟ Exil، ل ٢٥

* پرسیم: ( (هیچ کچی چاو خەنەییت دیت کە *باری شیعر* و *سۆز* و *یادگاری* بە کۆ دادابێ؟ Exil، ل ٢٨

* ( (هەریەکە و *نەختێ سروە* و ڕەنگ و خۆڵ، *مشتێ ئاوازیان* لەگەڵ خۆیا هەڵگرتبوو

( (سەگ غاریان دەدا و *بۆنی ژەهریان لەخۆ دەتەراند* Exil، ل ٢٨

* هەرچی *جوانیی* شارەکەی هەبوو *پێچایەوە*و سەری خۆی هەڵگرت

Exil، ل ٢٩

* *پاکی* و *رووتیی* قەراغ زێیەکانی خۆیان *پێچایەوە* Exil، ل ٢٩

* کە دەستت بۆ درێژ دەکەم: لێم *دەبیتە کۆرێکی سارد*. Exil، ل ٦٩

* من دەرۆستی هەڵگرتنی *باری غەم* و *حەسرەتی* تۆ نەدەهاتم Exil، ل ٧٤

* *مشتێ ئاواز* و *بۆن* و *لەززەت*. Exil، ل ٧٥

*تۆ لێواری*. Exil، ل ٨٥

*ئەوینی تۆ* – ئەی وڵاتەکەم

لەم جیهانی دەربەدەری و ونبوونەدا

*شارێگایەکە* Exil، ل ٨٦

*ئەوینی تۆ* – ئەی دەزگیرانەکەم

لەم جیهانی بەستەڵەك و كڕێوەیەدا

*ئاگردانێکە* Exil، ل ٨٦

* *شمشاڵێکی بێناز کەوتووم من* لێرە Exil، ل ٨٨

* *ئاوێنەیەکی تەڵخم من* لێرە Exil، ل ٨٩

* کە دەبینم: لەجیاتی *تۆزی خەم* و *حەسرەتی* سەر ڕووی ئێوە Exil، ل ٩١

### ٣-١-١-٣- بەئەبستڕاکتکردن:

ئەم لادانە واتاییە بەرێژەی ١٦ جار بەکارهاتووە کە دەکاتە ٣,٨٤٪ ی کۆی گشتی لادانە واتاییەکان. سەیری ئەم نموونەیە بکە:

بە خۆمم دەگوت: ئەوین EXIL،ل ٤٩

لێرەدا خۆی چواندووە بە ئەوین کە لە زمانی خۆکاردا سیمای واتایی [+ئەبستڕاکت]ی هەیە. هەروەها بڕوانە:

تۆ وەك مۆسیقایت، وەکو خەون، وەکو وەخت، وەکو ئاسوودەیی

EXIL،ل٦٦

لەم دەقەدا راناوی (تۆ) چوێنراوە بە (مۆسیقا، خەون، وەخت و ئاسوودەیی) کە هەموویان سیمای واتایی [+ ئەبستڕاکت] یان هەیە لەکاتێکدا راناوی (تۆ) لە زمانی خۆکاردا سیمای واتایی [- ئەبستڕاکت] ی هەیە.

هەندێ نموونەی تر

وەك ئاوازێك، لەسەر *گردە* *تریفەییە* ئاپوورەکاندا، هەڵبەز هەڵبەز، دەلەنجایەوە
Exil، ل ٥

گشت سپێدەیەك، لە پەنجەرەی ماڵەکەمانەوە: *پۆلە مامز*
*تەبای چەند پەپکێکی* قاچ و قول گیایی، لە کەسکایی هێمنی کێڵگەکاندا دەلەوەڕان.
*حاجی لەقلەقێك*، *بەختەوەرییەکی سپی ئاسا*
بەسەر *پۆپەی* *ئەنلێشاویی* درەختێکەوە، بۆنی تاریکایی شەوی لەخۆ دەتەراند
Exil، ل ٥

*تۆ*، ئێوارەیەك، لەبەر دڵی من. *وەك* *خۆشەویستی*، خۆت ڕووت کردەوە.
Exil، ل ١٠

* لەجیاتی هەڵبەز هەڵبەزینی سەرگرد و *تەپۆلکە* *تریفەییەکان*، لەجیاتی
سەفەر، لەجیاتی پیاسە،
ئەو *ئاوازە*
ماتەمینبارە
حەسرەتاوییەی
لێکدابڕانیش
تا هەمیشە
*وەك منداڵیم*
بە قەد مەرگ
لە گوێچکەمدا دەزرنگێتەوە. Exil، ل ١٦

* *بازاڕ* ڕۆژنامە بوو، *پیاسە* بوو Exil، ل ٣٨

* *دەرگا*، *واتە*: *ئاسودەیی*
*دەرگا*، *واتە*: *شەقکردنی دیوارێکی* ئەستووری نەزۆرك بەرەو ئاسۆ. . .
Exil، ل ٨٣

* *تۆ بەهاری*. Exil، ل ٨٥

### ٣-١-١-٤- بەرەوانکردن:

ئەم لادانە واتاییە بەرێژەی ٣ جار بەکارهاتووە کە دەکاتە ٠,٧٢٪ ی کۆی گشتی لادانە واتاییەکان. سەیری ئەم نموونەیە بکە:

پاپۆرە درێژە باخچەییەکان بە ژێرماندا کە تێدەپەڕین
وەکو تاڤگەی ئەستێرەیین EXIL،ل ٣٢

لێرەدا پاپۆڕ بە تاڤگە چوێنراوە و تاڤگەش لە بەکارهێنانی خۆکاردا سیمای واتایی [+ رەوان]ی هەیە.

هەندێ نموونەی تر:

* لە پاڵ وەهمێکی ڕاکێشاوی ڕووباریندا هەڵوەری، تکا. . Exil، ل ٥٦
* وەك ڕووبارێکی ڕووتی گەنمڕەنگ Exil، ل ٨٤

### ٣-١-١-٥- بەئاژەڵکردن:

بەئاژەڵکردن ٢٨ جار بینراوە کە دەکاتە ٦,٧٣٪ ی هەموو لادانە واتاییەکان. ئەمانە چەند نموونەیەکن:

کاتێ هەستی بێ وڵاتی و بێهوودەیی
لەناکاو چنگیان گرتە سەر هەموو ئینجێکی رۆحم EXIL،ل ٣٣

لەم نموونەیەدا چنگ گرتن کە لە سیفەتەکانی ئاژەڵە دراوەتە پاڵ وشەی هەستەوە.

لێم دەبنە پۆلێ گۆرانی و بەسەر کەپۆلی تەنیاییمەوە هەڵدەنیشن
دەنووك لە برینی هەستی بۆگەنبووی ئاوارەیی و بێکەسیم دەدەن. EXIL، ل ٥٨

لێرەدا کاری هەڵنیشتن و دەنووك لێدان دراوەتە پاڵ گۆرانییەوە و وەکو ئاژەڵ مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە.

هەندێ نموونەی تر:

ئەو چرپە چرپە نارنجییانەی کە دەتگوت نرکە و ئاویلکەدانی. . .

دەتگوت رەوە مامزێك بوون Exil، ل ١٤

لەسەر تەپۆلكەیەكی لەهۆشخۆچوو، لەژێر سێبەری سەربراوی درەختێكدا

Exil، ل ٢١

بە نیگایەكی مردارەوە دەڕوانینە Exil، ل ٢١

* لاشە و كەلاكی بۆگەنكردووی تا چاو هەتەردەكا گیا، خۆشەویستی، ڕووناكییەكان. Exil، ل ٢١

* تەنانەت پەنجەرە، پەرنجەرەی بستەزمان Exil، ل ٢١

* لە هەموو سۆرەیەكم پرسیوە، لە هەموو پۆلە واژەیەكی بەناو سالكەوتووی

Exil، ل ٢٥

* دەشێ ئێستا چاپخانەیەكی دیكەش، شەقامێكی دیكەش لە گیانەڵادا بن و نەیانبینمەوە! Exil، ل ٢٩

* نۆڕسێك وەكو بەختەوەرییەكی لامل شین لەو لامانەوە هەڵنیشتبوو.

Exil، ل ٣٢

* مێرووڵەی لێوت، پەنجەكانت تاكو ناو هەناویشیان دەڕوا. . . Exil، ل ٣٩

* وەك جووتێ مراوی لێوینەكەشم خۆش دەویستی! Exil، ل ٤٠

* چەنێ جوان، چەن شیرین بووی: وەك پەپوولەیەكی پەمبەی گەورە

Exil، ل ٤٠

* كە بە كەنار دەریایەكدا ڕادەبووری، پێت ئاساییە گوێت لێ دەبێ ناڵە و نركەی، Exil، ل ٤٣

* نەرمایی بێچووە مەمكەكانت Exil، ل ٧٠

* دەیانزانی دووچاوی تەباى ڕیشۆڵە شینت ڕۆژێ دێن و

لەبەر پەنجەرەی تاراوگەی مندا هەڵدەنیشن. Exil، ل ٨١

* پێیان بڵێ: وەك ئەو چۆلەكانەی سەر درەختی شەقامە لەپڕ قلیشاوەكان

لەگەڵ زرنگەی هەر گوللەیەك لە شەققەی باڵ نەدەن، تەغرن. Exil، ل ٩١

### ٣-١-١-٦- پارادۆکس

ئەم لادانە واتاییە ١٦ جار بەکارهاتووە کە دەکاتە ڕێژەی ٣,٨٤٪ ی هەموو لادانە واتاییەکان. بڕوانە ئەم نموونە:

ئێمە بەختەوەرین، ئازیزەکەم

ئێمە بەدبەختین، ئازیزەکەم EXIL، ل ٨٠

لەم نموونەیەدا نووسەر لەیەک کاتدا هەر دوو سیفەتی (بەختەوەر و بەدبەخت) دەخاتە پاڵ ڕاناوی ئێمەوە، لەکاتێکدا ئەم دوو ئاوەڵناوە لە زمانی خۆکاردا پارادۆکسی یەکترین.

بیست ساڵ بەسەر حەوت ساڵیمدا ڕابورد:

.

.

نەمتوانی تۆزقاڵێک چییە

گەورە ببم. EXIL، ل ٢٠

لەم نموونەیەدا نووسەر دوای ئەوەی کە بیست ساڵ بەسەر منداڵیدا تێدەپەڕێ، دەڵێ تۆزقاڵێکیش گەورەنەبووم. بەمەش پارادۆکسێک لەنێوان ڕستەی یەکەم و دووەمدا هەیە.

هەندێ نموونەی تر:

* من هەر ڕۆژەی *نەختێک دەمرم*. Exil، ل ١٦

بیر لە *زمانی لاڵی جوانی* Exil، ل ٣٠

کە *دەست دەدەیتە گلازە وێسکییەک*، *وێسکی نیە*: Exil، ل ٤٤

کە *دەست دەدەیتە گلازە شەرابێک*، *شەراب نییە*: خوێنە Exil، ل ٤٤

* من بیر لە گوڵدانی بانێژەکان دەکەمەوە

* *دووبارە و دووبارە گیانسپاردن*. Exil، ل ٧٠

* *هیچیان نەماون تێیاندا نەمرم.* Exil، ل ٧٦

* گەر بە *هەناسەی* غەیری تۆوەش دەژیم ئەمێستا

*هەناسە نییە* Exil، ل ٧٦

* *ئەی برادەرە شەهیدەکەم* Exil، ل ٩٠

* وەك من تۆش، *لەناو قەبر*

*بکە لە برادەرانی* بە دەرد دڵتەنجراوی ئێرە *تکا*:

*ئەوانیش* با چیتر *نەڕۆن*، *پێمان دانەبستن پرسە!* Exil، ل ٩٠

* *پێیان بڵێ* Exil، ل ٩١

### ٣-١-١-٧- بەرووەککردن

ئەم لادانە ٣٠ جار بەکارهاتووە کە دەکاتە ٧,٢١٪ ی هەموو لادانە واتاییەکان.

سەیری ئەم نموونەیە بکەن:

بۆنەکان هەڵوەرین. سەوزایی گرد و تەپۆلکەکان لەناو چاوما کاڵ بوونەوە.

EXIL،ل ٦

لەم نموونەیەدا سیفەتی (گەڵای)رووەك دراوەتە پاڵ بۆن.

زەردیی درەختی بەر پەنجەرەم گەڵایەکی لێوە پشکوت EXIL ل ٦٧

پشکوتنی گەڵا لە تایبەتمەندییەکانی رووەکە، بەڵام لێرەدا دراوەتە پاڵ زەردی درەختەوە بەمەش بەرووەککردن رووی داوە.

* تەبای چەند پەیڤێکی *قاچ و قوڵ گیایی*، لە کسکایی هێمنی کێڵگەکاندا دەلەوەڕان.

Exil، ل ٥

*ماڵ:*

کە *درەختێکی* ماندووی چڵۆ پۆپ لە مل یەکتریی ڕەنگاو ڕەنگ بوو.

Exil، ل ١١

وەك گەلاّیەكی زەردی وەریوی دەم با
دەخولێمەوە
Exil، ل ١٣

لە بیرمان كرد، نەمانزانی: تۆ چاوە تەبای دوو چەپكە نێرگز زەردەكانت،
Exil، ل ١٧

* بۆ بۆنە هەڵوەریوە كەوتووەكانی دەوری كانیلە سووتاوەكان Exil، ل ٤٨

* خۆشەویستییە كۆنەكانیش تەنیا چەند گوڵە فرمێسكێكی زەرد.
Exil، ل ٤٩

* عیشقی پاكیان چەند تنۆكێ سپیاتیی لینج بوو
لە پاڵ وەهمێكی ڕاكێشاوی ڕووبارێندا هەڵوەری، تكا. . Exil، ل ٥٦

* نەرمایی لێوە هەنجیرییەكانت، ڕووناكیی پێنج پەنجە پەمبە پاكیزەكانت،
مهری چاوە دوو فرمێسكی گەورە ئاسا شینەكانت، ئاسوودەییت، وەفات. .
وەك بوونێكی پڕ چنگ، گەرم، بە دەستەكانی من بسپێرە:
بۆ ئەوەی لە دوور، لە سەرزەمینێكی هەمیشە پاك، لە باخچەیەكی جاویداندا بیانڕوێنم.
Exil، ل ٦٥

* دەستیش پەنجەكانی
سیسەنبەر ئاسا سیس هەڵگەڕا،
Exil، ل ٦٧

* دوورییەك، پەرجوویەك، واتایەكی لاولاوەیی چڕۆ دەردەكا.
كە لە چاوە گیاییەكانت ورد دەبمەوە، وەك ئەوەیە لە سەرابێك نزیك ببمەوە.
Exil، ل ٦٩

* وشە خەونییە سەوزەكانمان چۆن لەسەر لێوە لەهۆشخۆچووە مۆرەكانماندا
سیسەنبەر ئاسا سیس هەڵدەگەڕێن! Exil، ل ٦٩

* من و تۆ لە كەنار زەردایی ڕووبارێك ڕووابووین.
تۆ گوڵێكی یاسەمەن بووی، منیش لاسك. Exil، ل ٧٤

* پێش ئەوەی بێم ***گوڵی ڕۆحمت*** بۆ دەستەچن کەم — Exil، ل ٨٠

* کە تێیاندا هەر پیاسەیەك سەفەرێکە و هەر ***گوڵە ماچێك*** ئەستێرەیەك.
Exil، ل ٨٢

* ئیزرائیل ئاسا: چاوەڕێیە، ***وەك وشیە ترێیەکی سپی***، ***دڵم*** لێ بکاتەوە.
Exil، ل ٨٢

* ***درەختێکی وشکم من*** لێرە — Exil، ل ٨٨




هێلکاریی ژمارە -٦ -

ڕێژەی بەکارهێنانی لادانە واتاییەکان لە دیوانی Exilی فەرهاد پیربال

**٣-١-٢- لادانی لێکسیکی**

ئەم لادانە ٤٢ جار کە دەکاتە ٨,٥٥٪ بەکارهاتوون.

**٣-١-٢-١- لادانی لێکسیکیی داڕێژراو**

ئەم لادانە ٣٠ جار بەکارهاتووە کە دەکاتە ڕێژەی ٧١,٤٢٪ ی هەموو لادانە لێکسیکییەکان. بڕوانە ئەم نموونەیە:

وەك ئاوازێك، لەسەر گردە تریفەییە ئاپوورەکاندا، هەڵبەز هەڵبەز، دەلەنجایەوە.
EXIL، ل٥

لەم نموونەیەدا نووسەر بەپێی یاسای مۆرفۆلۆژی (ناو+ی) لە زمانی کوردیدا و بە لادان لە سنووردارێتی ئەم یاسایە وشەی (تریفەیی) ی دروست کردووە.
هەروەها
لە ژوورە تەنیا و دەربەدەرە پیرەکانیشدا، لە چوارچێوەیەکی دیوارین دا: دیل.
EXIL، ل ٦

لەم نموونەیەشدا شاعیر بەپێی یاسای مۆرفۆلۆژی (ناو+ین) لە زمانی کوردیدا و بە لادان لە سنووردارێتی یاساکە وشەی (دیوارین) ی دروست کردووە.
هەندێ نموونەی تر:

بەهەشتین خۆشە... EXIL، ل٩
تریفەیی EXIL، ل١٥
ئاوازیی EXIL، ل١٦
* پەنیراوی Exil، ل ٢٢
* مێشوولەیی Exil، ل ٢٢
* شەپۆلاویی Exil، ل ٣٢
* باخچەیی Exil، ل ٣٢
* ئەستێرەیی Exil، ل ٣٢
* بەهەشتیانە Exil، ل ٣٣
* حەژمەتاویی Exil، ل ٣٤
* ئاوریشمین Exil، ل ٣٨
* ئەنلێشەیی Exil، ل ٣٨

* ئاورێشمین Exil، ل ٤٠
* شەهوەتاویی Exil، ل ٤٧
* ئەندێشاوی Exil، ل ٤٨
* سەمایی Exil، ل ٤٩
* هەتاوی Exil، ل ٤٩
* شەهوەتاوی Exil، ل ٥٧
* لاڤاوی Exil، ل ٦٥
* هەنجیری Exil، ل ٦٥
* لاولاوەیی Exil، ل ٦٩
* خەونی Exil، ل ٦٩
* جۆلانەیی Exil، ل ٧٧
* باوەشی Exil، ل ٧٧
* ماچی Exil، ل ٨٢
* باوەشی Exil، ل ٨٢
* چیمەنتۆیی Exil، ل ٨٢
* تاڤگەیین Exil، ل ٨٨

**٣-١-٢-٢- لادانی لێکسیکیی لێکدراو**

ئەم لادانە ١٢ جار بەکارهاتووە کە دەکاتە ڕێژەی ٢٨,٥٧٪ ی هەموو لادانە لێکسیکییەکان. بۆنموونە:

لە ئێواردیەکی ماندووی شەختەگرتووی ساڵدا، شکام EXIL،ل ٧٤

لەم نموونەیەدا شاعیر بەپێی یاسای مۆڕفۆلۆژیی (ناو+ئاوەڵناوی کراو) لە زمانی کوردیدا و بە لادان لە سنووردارێتی یاساکە وشەی (شەختەگرتوو) ی دروست کردووە.

که تێیاندا هەر پیاسەیەك سەفەرێکە و هەر گوڵە ماچێك ئەستێرەیەك.

EXIL، ل ۸۲

لەم نموونەیەشدا شاعیر بەپێی یاسای مۆرفۆلۆژیی (ناو+ناوگر+ناو) لە زمانی کوردیدا و بە لادان لە سنووردارێتی یاساکە وشەی (گوڵەماچ) ی دروست کردووە.

هەندێ وونەی تر:

* حەسرەتبار — Exil، ل ۱۱
* مەرگەساتاویی — Exil، ل
* سەعات چواران — Exil، ل ۲٤
* ( گابەستنەوان — Exil، ل ۲۸
* تریفەدار — Exil، ل ۲٥
* گوند گەیشتنان — Exil، ل ۳٤

گوڵە فرمێسك — EXIL، ل ٤۹

ماتەمینپۆش — EXIL، ل ٦۱

سەما ڕەشە — EXIL، ل ٦۳

* فریشتەزادە — Exil، ل ۸۲




هێلکاریی ژماره -٧-

ڕێژەی بەکارهێنانی لادانە لێکسیکییەکان لە دیوانی Exilی فەرهاد پیربال

### ٣-١-٣- لادانی نووسینی

ئەم لادانە ٣٣ جار بەکارهاتووە کە دەکاتە ٦,٧٢٪ . بڕوانە:

بە دوو چاوی بەستراوەوە زانیم: لە ئەنجامدا هەموو شتێکمان، لیێ
ویران دەکریێ .

و . . یێ .

ر. .      ا. .      ن. .

د. . ه. .      ك. .

ر. .

. . یێ. . .

٧ ٨ ٩ ١      EXIL،ل ٦

لێرەدا نووسەر هەوڵی داوە لە ڕێگەی تێکشکاندنی شێوازی نووسینی ئاساییەوە و ە بەربڵاوکردنەوەی پیتەکانی کاری (وێران دەکرێ) وە وێنەیەکی وێران کردنمان پێشان دات، بەمەش لادانی نووسینی دروست کردووە. یان سەیری ئەم نموونەیە بکەن:

ئێمە دەنگمان چرپاندە دڵی هەرچی پەڵکەگیا و پۆلە هەورێك

ئەوەندەی نەبرد

یەك

یەك

هەڵ

وە

ر

یـ

ن

.

.

.

.

.

.

.

EXIL، ل ١٧

لەم دەقەشدا چۆنیەتی دانانی پیتەکان وێنەیەکی هەڵوەرینی گەڵای ڕووەکمان پێشان دەدەن، ئەمەش لەڕێگەی لادان لە نووسینی ئاساییەوە، بەم جۆرە لادانی نووسینی رووی داوە.

هەندێ لادانی تر:

* ئاخ! من تاکو ئێستاش مێشکم پڕی زرنگەی زەنگییانەیی زەنگی
ئەو تەلەفۆنە میهرەبانەیە، که لەناکاو
زرنگ
زرنگ
دەزرنگایەوە Exil، ل ٦

بە دوو چاوی بەستراوەوە زانیم: لە ئەنجامدا هەموو شتێکمان، لێ
ویران دەکرێ. .
و. . ێ. .
ر. . ا. . ن. .
د. . ه. . ك. .
ر. .
. . ێ. . .
٧ ٨ ٩ ١ Exil، ل ٦

دەچێ لەسەر گۆڕێکی بچکۆڵەی بە قەد تەنیا کیسە ئێسقانێك
دادەنیشێ و تێر تێر
د
ە
گ
ر
ی Exil، ل ٧

* سەردەمانێك، لە حەوشەکەمان، دار پرتەقاڵێکم هەبوو،
سەربان، نیوەشەو بەدیار ئاسمانەوە: کاروان کوژە و حەوت براڵە،
گۆڕەپانە ئارەقکردووە ڕەنگینەکانیشدا: تۆپێك.
دار پرتقاڵەکەم براپەوە
کاروان کوژەو حەوت براڵەشم
لە کازیوەیەکی سێزدە ساڵیمدا ئاوابوون و نەمبینینەوە
تۆپەکەشم لێ
سەندرایەوە.

Exil، ل ٩

*

سەردەمانێك، لە زستانە ساردەکاندا، پاڵتۆیەکی گەرمم هەبوو،
گەڕەکە پیرەکەشماندا: چەند هاوڕێیەك،
شەقامە ڕاکردووە شێتەکانیشدا: چاپخانەیە
پاڵتۆکەم لێ
ناو شاخان
ڕزایەوە.
هاوڕێکانیشم هەر لە ساڵی هەشتاوە
یەك
یەك
ئاوابوون یانیش کوژانەوە.
چاپخانەکەشم لێ
ڕما

Exil، ل ٩

* بەڵام ئاخ، ئەو گەنجە کۆکە
هەر بە یەکجاری ڕۆیی
تازە چیتر نایبینمەوە
نا. . یـ. . بیـ. . نـ. . مە. . وە. . Exil، ل ١٢

*
لێ
بە
جێ
ما: Exil، ل ١٣

* بەختەوەری، وەك کچۆڵەیەکی شان و مل ڕووت
قژ فرمێسکاوی
لە کونجێکی ژوورەکەمدا هەڵکورماوە، هۆن هۆن دەگری:
بێ ئەوەی پێم بڵێ بۆچی، بێ ئەوەی وەڵامم بداتەوە.
لەبەر پەنجەرەکەم
تەبای
غەمێك
ڕاوەس
تا
و
م
گوێ بۆ ئاوازی بەفر شل دەکەم.

Exil، ل ١٤

*

بەفر ئاوازی، چرپە چرپی ئەوینی خۆمانم بیردێنێتەوە:
ئەو چەرپە چرپە نارنجییانەی کە دەتگوت نرکە و ئاویلکەدانی
پۆلە پۆڕێکی ڕەنگاو ڕەنگ بوون
نەگەیشتنە سەر شینکاوێکی دیکە و
ك
دەتگوت ڕەوە مامزێك بوون و
دەکرووزانەوە ژ
لە ترسی ئەمرۆ. ر
تۆ تەماشاکە، ئازیزەکەم، ا
چ بەفرێکی ئەستوورە دەبارێ! ن
.
چ من، چ تۆش چاومان لێیە: .

Exil، ل ١٤

* بەو هەموو میهرەبانییەی خۆیەوە، لە پەنا دیواری گەراجێکدا، بە دڵێکی خاڵی لە سۆز:
خوا. . حا. . فیز. . .

Exil، ل ١٥

* لە لووتکەی خۆشی و لەززەتەکاندا، لە باوەش یەکتر، کە خەریکن ببین بەیەك:
لە یەکتری
جیا
دەبینەوە.

Exil، ل ١٦

*

ئێمە دەنگمان چڕپاندە دڵی هەرچی پەڵکەگیا و پۆلە هەورێك

ئەوەندەی نەبرد

یەك

یەك

هەڵ

وە

ر

یـ

ن

.

.

.

.

.

.

.

.

Exil، ل ١٧

* ژێ زیوینە زامدارەکانی گیتاڕەکەم

هۆن هۆن دەگرین، دەناڵێنن:

ئاسوودەیی لە دنیا نیە

ئاسوودەیی

لە دنیا

نیه

.

.

Exil، ل ١٩

* ئەو مەنزلگایەی ساڵەهای ساڵ خوێنمان بۆی دەڕشت، پێی گەیشتین:
ئێمە هەموو شتێکمان لە دەست دا
هەموو شتێکمان دۆڕاند
تەنانەت دایك، دایکی بێکەس
کە هۆن هۆن فرمێسکی هەڵدەڕشت و دەپاڕایەوە
بەجێمان هێشت!

Exil، ل ٢١

* تەنانەت پەنجەرە، پەرنجەرەی بەستەزمان
کە پردێك بوو لە نێوان ئێمە و خەون
ئێمە و بەهار

Exil، ل ٢١

* . . . لە کارگەکاندا نامیلکە و بەیانی نهێنیمان بڵاوکردەوە، لە شەقامەکاندا هاوارمان کرد:
هاوار ه ا و ا ر

Exil، ل ٢٢

*
ئا
خ
!

من لە وڵاتێکی دووری دێریندا کە وێنەکانیم لەناو ئەلبوومی یادگارەکانم پاراستووە Exil، ل ٢٤

*

Exil، ل ٢٩

*

کچە کەزی شۆڕ و خەزێم شۆڕ و بەژن شۆڕە دەشتەکییەکانی بانە و شارەزوور

پارکی و ڕووتیی قەراغ زێیەکانی خۆیان پێچایەوە و

تاك تاك

جووت و جووت

بە هەڵداوان

لەسەر لووتکەی شاخانەوە خۆیان هەڵداویشتە بەندەن و دۆڵ و خەردندانەوە.

Exil، ل ٢٩

*

هاوڕێ ڕۆژنامەنووسەکەم، لە ژوورەکەیدا، لێی بۆتە خوو:
بەدیار نەخشەی گەورەی کوردستانەوە دادەنیشێت
هەر جارەی سانتیمەترێکی لێ زیاد یان کەم دەکاتەوە،
لە بارەگای کۆبوونەوەی ئەزموونە ڕەنگ زەرد، چەکدارەکانیشدا:
ئیمزا و
سەنەد و
ڕێککەوتنەکان
دانیشتوون بەدیار تاجی سەری مقەببابیی خۆیانەوە
د. ..
گ. .
ر. .
ی. .
ن. .
ئاه
. .
من بیر لە گوڵدانی بانێژەکان دەکەمەوە
.

Exil، ل ٣٠

* زەردی و غەمگینیی سیمای پێم دەڵێ:
هەموو شتێك لە وڵاتەكەتدا وێران كراوە
و. .　　　　　　　　ێـ. .
ر. .　　　　　　ا. .　　　　　　　ن. .
ك. .　　　　　　　　ر. .
ا. .
و. .
ە. .
١
٩
٨
٨

Exil، ل ٣١

* ئێوارەیەكی خۆشی ئاوها بوو
كە ڕامانی بە تاسووقم
لە
ئاخڵەی
جوانی،
خەفەت،
برسێتی،
وایان لێ كردم وردە وردە شانە هەڵگرتن، خۆشوشتن، قمرەوێت بەستن. . لەبیر بكەم.

Exil، ل ٣٣

*

ناسرِ پردێك و بوو لە نێوان پەنجەرە و کۆڵان،
بێدەنگی و هاوار،
کۆیلایەتی و ڕاچڵەکینی ڕۆح.

Exil، ل ٣٤

*

دانیشتووم بە دیار
چەند ڕەسمێکی یازدە ساڵ پێش ئەمڕۆوە
د
ە
گ
ر
ی
م
.
.
.
.

Exil، ل ٣٧

*

هاوڕێکانم!

ماوەی نێوانمان: باخچەیەك بوو؛ هەڵپڕووکا

هە. .

ڵ. .

پ. .

ڕ. .        وو. .

ك. .        ا. .

Exil، ل ٤٢

*

حەز و هەوەس و خۆشەویستی

شەو و ڕۆژ بێدار

ڕ

وو

ب

ا

ر

ی

س

ێ

ن

ە

وەك پێلی هەوەس بەناو پاریسدا شەپۆڵ دەدا. .

Exil، ل ٥٨

*

ئەی بیرەوەرییە پڕ دڵۆپەی باران

تک

تک

بەسەر

شان و ملی دەربەدەریم: دڵنەوازەکان!

Exil، ل ٦٢

*




Exil، ل٦٦

* ساتە پەمبەر بۆنخۆشەکانیان
یەك
یەك
هەڵ
وە
ر
ا
ن
.
.
.

Exil، ل ٦٧

* من و تۆ
کە لە یەکتری جیابووینەوە
(جوانی) تەنیا مایەوە.

من
هەرچی شار و
گوند و
هەرچی باخچە و گەڕەک و
ڕەزو کۆڵان و
هەرچی منداڵ و ڕووبار و شەقام و
مێردمنداڵ و ئەستێرەیەکی پەنجەرەیەکی
کوڕ و کچ و قەیرەکچ و ژنێکی شۆخی... خۆشم ویستن؛
ئاخ
گەردەلوولێکی
ئەژدەنگی خوێنین
هەڵی لووشین.

* پێیان بڵێن: ئاسوودەیی
وك بەروار و ناوی لەسەر خۆڵ نووسراو وایە
ڕەشەبا دێت و لەگەڵ خۆیدا ڕایدەپێچێ
ڕ. . ا. . یـ. . د. . ە. . پـ. . ێـ. . چ. . ێ. .

Exil، ل ٧٧




هێلکاری ژمارە -٨-

ڕێژەی بەکارهێنانی هەر سێ لادان لە دیوانی Exilی فەرهاد پیربال

## ٣-٢- لادانەکان لای ئەنوەر مەسیفی

### ٣-٢-١- لادانی واتایی

ئەم لادانە ٢٤٥ جار بەکارهاتووە کە دەکاتە ٩٠,٧٤٪ ی کۆی گشتی لادانەکان.

### ٣-٢-١-١- بەمرۆڤکردن

بەمرۆڤکردن ١١٢ جار بینراوە کە دەکاتە ٤٥,٧١٪ ی هەموو لادانە واتاییەکان.
بروانە ئەم نموونانە:

شەو بۆی ناکرێ
مارەیی خۆی
لەقوولایی من هەڵنجێ

شین، ل ٢٧

لەم نموونەیەدا شاعیر مارەیی کە تایبەتە بەمرڤ، خستوویەتییە پاڵ شەو و بەمەش وەکو مرۆڤ مامەڵەی لەگەڵ شەو کردووە. هەروەها لەم نموونەیەی خوارەوەدا:

چەند رووبار و کۆتر هەیە
پێ دەکەنین

شین، ل ٣٣

لەم نموونەیەدا پێکەنین، کە تایبەتە بەمرۆڤ، دراوەتە پاڵ هەریەکە لە رووبار و کۆتر. بەمەش بەمرڤکردن رووی داوە.

هەندێ نموونەی تر:

<u>*تۆڵەی*</u> ساڵەکانی. .

له ئۆقیانوسی رابواردن،
بسێنمەوە          شین، ل٢٥
زەردەپەڕی لێوی ئاسمانە
له ئامێزی کۆچ کردندا ئەیکرد گریان          شین، ل٢٦
لایە لایەی شەوی نوێیان
ئەدایە دەست
ئەو گۆرانییەی
وێڵە بە دوای هاتنەدی شار          شین، ل٢٦
* خۆشەویستیم
له گەردنی هەزاران کێو
تیشکی رۆژی هەڵمژیوە          شین، ل٢٧
* لەگەڵ خۆشەویستیت بلوێیم          شین، ل٢٧
* بووم بە شیعر و
دەستم لە ملی گریان کرد!          شین، ل٢٧
* ئەی کزەبای دەم بەیانی
چاوەڕێتم
بێیت و بمبەی          شین، ل٢٨
* (مەپرسن ئەو دەنگە کێیە          شین، ل٢٩
* وەك باڵندە
له باوەشی کزەبای چەم گۆرانی بم
بەرەڵڵام کەن          شین، ل٢٩
* بنار و کێو لە یەك بکەن
گەڵا لە دار یاخی بکەن          شین، ل٣٠
* لە ئامێزی ئەو بترازێ          شین، ل٣٠

* داری شەکرانت نەدیوە
منم شانەی *کەزیەکانی* شین، ل٣٠
* ئەی نازانی دەنگت هەیە
*رووبارەکان گوێت لێ دەگرن*؟!
*هەورە مۆنەکان* تاو دەم
*وڕێنەی راوی* گریانم شین، ل٣١
* بێدەنگی
گوڵی *بەرۆکی*
*هیواکانت* دەوەرێنی
دەجۆللانەبە و *گاگۆلەی ئاو* بژینە شین، ل٣٢
* *مەمکی بەفر* چرۆ بێنی شین، ل٣٢
* *رێژنەی* هەتاوێ دەبینم
*دەگەرێ لە بستە خاکێ*
*ماچی داتێ*
لە *ئەستێرەیێ* دەگەرێ
*ماچی داتێ*
*ماچم داتێ*؟! شین، ل٣٣
* گوێم لێیە *بای* سەرکەشی چیا
*گۆرانی بۆ ئاسمان دەڵێ*:
مشتێ خۆر نییە شین، ل٣٣
* گوێم لێیە *چەم*
*دەگرییێ* بۆ ئەستێرەیەك
*گڵ* و *بەرد* بۆ هەناسەیەك شین، ل٣٣
* *بۆ* هەر*کۆترێ بگێرمەوە*

بالْ دەگرێت و لە هەر ڕووبارێ بپرسم — شین، ل٣٣
* کۆترەکان خۆ من تا پڕ نیم
من شاعیری ئەو هۆنراوەم
کە سەرچۆپیی شاییتان بوو — شین، ل٣٣
* هۆنراوەکەم
هەندێ جار مەمکی دەدایە خۆرباران و — شین، ل٣٣
* چەند ڕووبار و کۆتر هەیە بۆی دەگریان — شین، ل٣٣
* گەر فڕۆکە لە ئاسمانی
گوندەکەمان بڕشێتەوە
نامرێنی . . بەستەی ڕووبار و،
ئەستێرەی گوندەکەمان — شین، ل٣٥
* (ئەی ئەو جۆگەلەی کە بووی بە،
مەمکی شاگولی باوەڕم — شین، ل٣٥
* با–م دی خەریکی کەپرێ بوو — شین، ل٤٢
* مێروولەیەکیشم بینی قولابی لە دڵی چیابێ گیرکردبوو
لێم پرسی، بۆ هێندە ماندووی؟
گوتی: ئەم چیایە دەبینی؟
نیشتمانی لێ ون کردووم. — شین، ل٤٢
* ئەوساش مەمکی شەوە ڕەنییە بەفرەکانیان پێ داغ ناکرێ — شین، ل٤٣
* شیعریش لە سێدارە بدرێ بۆنی ڕۆحی خاکی لێ دێ. — شین، ل٤٦
* یا شوونهەڵگرێ بتوانێ پێخوستی مێژوو ببینێ، — شین، ل٤٧
* لە گۆرانییەکانی ئاو بگا،
لە گۆرانییەکانی با بگا، — شین، ل٤٨
* ڕووبارێکی خوودار دەکشێ — شین، ل٤٨

* مەلەکان ماڵییان تێك ناوە. — شین، ل٤٩

* شیعرێ پێ لە دڵم دەنێ. — شین، ل٤٩

* دیوارەکان دەمبەستنەوە. — شین، ل٤٩

* یەکەم ڕەزێ ترێ و مێوژی بردەوە.
دووەمیشیان بە دەست بەتاڵی گەڕایەوە. — شین، ل٥٠

* هەموویان یەکیان نەگرتووە.
تفەنگ، سیاسەت، تۆپ، فڕۆکە، ژەهر، درۆ. — شین، ل٥٢

* لە مەل بپرسن، لە دار بپرسن، لە بەر
بپرسن، لە گیا بپرسن: — شین، ل٥٣

* لە من بپرسن لە با - بپرسن — شین، ل٥٣

* وەك ڕووباریش گوێم لەگۆرانییەکانی داروبار دەبوو. — شین، ل٥٤

* شەوێ، دەنکە شقارتەیێ لێم کێف بووەوە و — شین، ل٥٤

* بە بارانی زستانەم گوت: چەند کانیت شێلو کردووە؟
بە با -م گوت: چەند داری پیرت قەپاندووە؟ — شین، ل٥٦

* باران گوتی: بەستە بزرەکان دەزانن.
با گوتی: گوێ لە لاوکی زۆمەکان بگرە. — شین، ل٥٦

* درەختەکانی وەك سۆفی حەی حەی دەکەن — شین، ل٥٦

* ئێواران، وڵاتێ منداڵە و دەگەڕێ لە کەپر و جۆلانە. — شین، ل٥٦

* دەستی ئاوەتە کەمەری کیژە لە مەچیترێکی دادەگرم.
گۆرانییەکانی داری شەکرانێ و با-ی وانیی بۆ دەڵێ. — شین، ل٥٧

* گوێم لە حەی حەی دارەکانە.
ئەوانیش لەگەڵ کوڕەکەم خەڵوەتکێشی داوەتێ
لەمە چێترن. — شین، ل٥٧

* جۆگەکانی ئاوزینگ دەدەن.

فانۆسەکانی مان دەگرن.

گردەکانی وەکو سۆفی حەی حەی دەکەن.

گۆڕەکان دڵیان دامەوە.

مەلەکان دڵیان دامەوە.

گوندەکان دڵیان دامەوە، هەتا دوایی. شین، ل٥٨

* ئاخر کوڕم یەکەجار مانگ لەویّ داوەتی بۆ کرا. شین، ل٥٨

* تارماییّ گۆرانییان دەڵیّ شین، ل٦٠

* ئاوەکانیش کە دەیانگەمیّ پیّ دەگرن.

عەیامەکە گویّ لە سەربردەی خاك دەگرم. شین، ل٦٠

* لە وەلی نەدەچووم، بەڵام کە دارەکان لەگەڵ من حەی حەیان دەکرد

شین، ل٦٠

* مەلەکان کە ڕووی مانگیان دی، شین، ل٦١

* سێبەریشم وەکو دایکیّ لەو وڵاتانەی کە شین، ل٦١

* من نیم ئەوەی ئەم گۆرانییانەت بۆ دەڵیّ.

چەند هێلانەی تیك دراون.

بلقەکانی چەند کانییەکی چۆڵ و هۆڵن،

پردی رووخاوی سەرەڕێن،

مزگەفتی تالآن کراون شین، ل٦١

* ئەمشۆش دەبیّ پرچی شتی بیّ گیان دابێنی، تا دەنووی. شین، ل٦٢

### ٣-٢-١-٢- بەتەنکردن

بەڵام ئەم لادانە بەرێژەی ٤٣ جار بەکارهاتووە کە دەکاتە ١٧,٥٥٪ ی کۆی گشتی لادانی واتایی. بڕوانە ئەم نموونانە:

که خەون و ژان
بوو بە ئەڵقەی دڵداریما  شین، ل ٢٦

لێرەدا سیمای واتایی [+تەن] دراوە بە خەون و ژان  کە لە بەکارهێنانی ئاساییدا سیمای واتایی [- تەن]ی هەیە. ئەمیش لە رێگە چواندنیان بە ئەڵقە کە لە بەکارهێنانی ئاساییدا سیمای واتایی [+ تەن]ی هەیە.

من چیام. . من چیام
هەزار مێردم
شانەدەر  شین، ل ٣١

لەم دەقەدا شاعیر سیمای [+ تەن] ی داوە بە راناوی (من) ئەویش لە رێگەی چواندنی بە (چیا، هەزار مێردم و شانەدەر) ەوە کە لە زمانی خۆکاردا سیمای واتایی [+ تەن] هەیە.

هەندێ نموونەی تر:
داری شەکرانت نەدیوە
<u>منم</u> <u>***شانەی***</u> کەزیەکانی
چەمی سیروانت نەدیوە

* <u>***ئازار***</u> <u>***ئەرێن***</u>  شین، ل٢٦
* (مەپرسن ئەو دەنگە کێیە
<u>***گڵ***</u> و <u>***بەردە***</u>
<u>***پووش***</u> و گیانە)  شین، ل٢٩
<u>منم</u> <u>***گڵ***</u> و <u>***بەرد***</u> و ئاوی  شین، ل٣٠

گڵ و بەردەم . . پووش و گیامە شین، ل٣١

ئاوبم . . کێڵ بم

بۆ رووباری نقووم بوو تا شین، ل٣١

* دڵی لێ دەبتە ئەستێرە شین، ل٣٢

* دەجۆلانەبە و گاگۆڵەی ئاو بژینە

جوللانەبە و شین، ل٣٢

* دەبە بووکۆکەی منداڵی شین، ل٣٤

* دڵی خۆم دەکردە خاك و توند بە دڵت وەدەنووسام شین، ل٤٢

* گەورەتر بوومایە، چاوی خۆم دەکردە گڵۆپ و

چیتر نەمدەهێشت شەوخونیی شارەکەم بۆنی

تاریکیی لێ بێ.

گەورەتر بوومایە، لەپی خۆم

دەکردە تەختەڕەشە و نەمدەهێشت چیتر

دیواری قوتابخانەی گوندەکەم بۆنی ترسی لێ بێ. شین، ل٤٤

* هەتا دووری نەبتە داوە دەزوو، نەپسێ، شین، ل٤٥

* لە ناو کاتی گوندت نوستووە. شین، ل٤٥

* جاران چاوت بۆ من دوو پەنگری گەش بوون شین، ل٤٥

* یاخۆ بەرماڵی ماڵێ بام، شین، ل٤٦

* کێ ڕەشماری بۆ هەڵدایت و دڵی لێ کردووی بە کوانوو؟! شین، ل٤٦

* شەوان هەرچی سووە وەکو فانۆس دیارن شین، ل٤٨

* گوندی بیری ژەنگی گرتووە. شین، ل٤٩

* دووکەڵی جغارەت هەر لە حەسرین دەچێ. شین، ل٤٩

* سەرەتایەکی تر ئێشی کردوومەتە بەر بەرۆچکە شین، ل٥١

* لێکدان و دەرکردن بوو. دڵیشم لێ بووە مزگەفت. شین، ل٥٢

* یان ببم به گورزی ڕۆستەم.
یان شتێکی وکو زولفەقاری عەلی شین، ل٥٢
* منیش مێژووم، هێشتا ئێشم لە دوو دەخشێ. شین، ل٥٢
* وەك بەلەمێکی بچکۆڵە لە ڕۆخ بەستی بەجێ ماوە. شین، ل٥٦
* زۆم و پاوانی کۆچەرم،
کوچکەبەرد و چیلە و چەمی گوندەکەمم، شین، ل٥٧
* لێ ناگەڕێ بە بەژنی چیا هەڵبگەرێم. شین، ل٦٠
* دڵم وەکو تورەکەیەکی پڕ بەردە. شین، ل٦٠
* لە بڵندترین قۆپی سوو بام لێ بدا شین، ل٦١
* تۆ شاخی ترۆپکت هەر ماوە شین، ل٦٢

### ٣-٢-١-٣- بەئەبستراکتکردن

هەروەها ئەم لادانە ١٢ جار بەکارهاتووە کە دەکاتە ٤,٨٩٪ ی کۆی گشتی لادانی واتایی. بڕوانە ئەم نموونەیە:

تۆ نساری من بەفرتم
تۆ دیوانی من شیعرتم

شین، ل ٢٧

لەم دەقەدا ڕاناوی جارێك بە نسار و جارێکی تر بە دیوان و ڕاناوی من ی بە شیعر چواندووە کە هەر سێکیان لە بەکارهێنانی ئاساییدا سیمای واتایی [+ئەبستراکت]ی هەیە.

وڕێنەی ڕاوی گریانم شین، ل ٣١

لیێرەدا راناوی (من) کە دەرنەکەوتووە و راناوی (م) شوێنگرەوەیەتی چوێنراوە بە (ورێنە) کە سیمای واتایی [+ ئەبستراکت]ی هەیە.

* گیانە هێشتا **ئارامی تۆم** — شین، ل٢٧

* **بووم بە شیعر** و — شین، ل٢٧

* **شیعرم** . **شیعرم** — شین، ل٢٨

* ئەگەر **ببی بە ئەتۆم** — شین، ل٣٤

بیکەنەوە، **منم خەونی** مێژووی مرۆڤ. — شین، ل٥٢

**منیش مێژووم**، هێشتا ئێشم لە دوو دەخشێ. — شین، ل٥٣

**من ئیشێکم** لە ناو قوردام. — شین، ل٦١

### ٣-٢-١-٤- بەرەوانکردن:

بەڵام ئەم لادانە بەرێژەی ١٤ جار بەکارهاتووە کە دەکاتە ٥,٧١٪ ی کۆی گشتی لادانی واتایی. بڕوانە ئەم نموونەیە:

من دەریایەکی ئەوەندە تەماوی نیم — شین، ل ٣٠

لەم نموونەیەدا راناوی من ی بە دەریا چواندووە کە لە زمانی خۆکاردا سیمای واتایی [+ رەوان]ی هەیە. یان:

من ببم بەسەر کۆماری تۆپی زەوی.

